# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


## بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی دووەم

کۆمۆنیزمی کرێکاری...ل7


سالٌی شەشەم ژمارە(128) بەرواری 1–9–2022 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## وتەی ژمارە

## پێك نەهێنانی حکومەت لە عێراقدا گۆشەیەك لە ئەزمەیەکی قوڵتر و فراوانتر!

بۆرژوازی لە عێراقدا دەرگیری بن بەستێکی قوڵی ئابوری و سیاسی و ئەمنی و حکومییە، و توانای وەڵامدانەوەی بەهەرکام لەو گرفتانە نییە، ئەمەش وای کردووە



هەلومەرجی سیاسی عێراق، بەرەو ئاڵۆزی و گرژی زیاتر بچێت. لە ئاکامی ئەم دۆخەدا سەرجەم بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و حزبە بۆرژوازییەکانیان، توشی سەرەگێژە بوون و ئاسۆیەکی نزیک مەواد بۆ تێپەراندنی ئەو دۆخە شک نابەن. نەک تەنها ڕیزەکانیان لێکترازاوە، بەڵکو هێزو حزبەکانی ناو یەک خانەوادەو یەک بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیش لەبەرامبەر بە یەکتریدا وەستاون. خانەوادەی "شیعەی سیاسی" و "سونەی سیاسی"... لەناو خۆیاندا دابەش بوون و توانای ئارایشدانەوەی خۆیان لە چوارچێوەی بزوتنەوەکەی خۆیاندا نییە. بەهەمان شێوە "ڕیزی خانەوادەی بۆرژوای کورد" لێکترازاو بەرامبەرکێیان لەگەڵ یەکتری بەردەوامە. بەکورتی سەرجەم بۆرژوازی عێراقی لەبەرامبەر بە گرفتەکانی کۆمەڵگەی عێراق و دۆزینەوەی دەروازەیەک بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە، بن بەستن.

زۆربەی هەرە زۆری سەرانی حزبەکان و میدیا و رۆژنامەنووسانی بۆرژوازی هۆکاری ئەم دۆخە، دەگێرنەوە بۆ پرسی پێکهێنانی حکومەت و ململانێی ئەلگۆ و بەدیلی جیاواز بۆ پێکهێنانی. وە پێکهێنانی حکومەت بە دەروازەیەک دەزانن بۆ دەرهێنانی عێراق لەو ئەزمەو گرفتانەی دەرگیری بوون. بە واتایەکی تر نەبوونی حکومەت بە هۆکاری ئەو وەزعەی عێراق و ململانێی باڵ و رەوتە بۆرژوازییەکان دەزانن و دەیانەوێت ئەم دیدگا و روانینەش بگوازنەوە بۆ شەقامی عێراقی و لەو رێگایەوە خۆڵ بکەنە چاوی جەماوەر.

دیارە ئەزمەی حکومەتی ئەزمەیەکی بۆرژوازی عێراقییەو سەرجەم بۆرژوازی عێراقی بێ توانان بۆ زاڵ بەسەر گرفتەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەتدا و

بۆ لاپەڕە 2

## کرێکارانی ژینگەپارێز بۆ موچە و مافەکانیان دەست دەدەنەوە مانگرتن...



لە ٢٤ی ئەم مانگەوە، بەشێکی زۆر لە کرێکارانی ژینگەپارێز لە ئیدارەی ڕاپەڕین، دووبارە دەستیان دایەوە کۆبونەوە و مانگرتن. دواکەوتنی بەردەوامی موچەکان، کەمی موچە، نەبوونی پێداویستی شوێنی کار، سەرخەت و خواستە سەرەکیەکانی دەستبردنەوەی کرێکارانن بۆ مانگرتن.

کێشەی کرێکارانی ژینگەپارێز کە بەهەزاران کرێکارن نزیکەی ساڵێکە بەردەوامە... ئەم بەشە لە کرێکاران کە کاری قورس و سەخت ئەنجام دەدەن و گەرەک و شەقامی شار

بۆ لاپەڕە 3

## لەپرۆژەی باڵاپۆشی و تاجی زێرینەوە بۆ پرۆژەی بەهای فەرموودە



یەکگرتووی ئیسلامی، پرۆژەی تاقیکردنەوەی بەهای فەرموودەی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی یەکگرتوو و لایەنگرانیان لە بەشێک لە شارەکانی کوردستان وەرێخست. تاقیکردنەوەکە ئەوەیە کە هەر ژنیک ١٠٠ فەرموودە!!ی محمەد لەبەر بکات. ئیسلامیەکانی کوردستان بەگشتی و یەکگرتووی ئیسلامی بەتایبەتی، لە رێرەوی تەریک کەوتنەوە و ئەزمەیەک کە

بۆ لاپەڕە 3

## بەیاننامەی دەستەی کرێکارانی ژینگە پارێز...ل3

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* ٢٦ ساڵ بەسەر تاوانی ٣١ ئابدا.............................................ل4
* ناتۆ و شەڕی ئۆکرانیا................................................................ل4
* دیسانەوە تیرۆر..........................................................................ل5
* کە تۆ بڕیاڕی کۆیلەبوونت دابێت، ئیدی من شەڕی.....................ل6
* چەمانەوەی زیاتر یان هەستانەوەی شۆڕشگێڕانە........................ل9


## دۆسیەی ژمارە"هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی"



### هاوڕێیان ئیدریس مستەفا و عامر سابیر، وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەیان داوەتەوە...ل10-11-12-13




کۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

پرسی ژن ل7

پرسی ڕۆژ ل5

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# درێژەی وتەی ژمارە

ئەمەش خۆی بۆتە گۆشەو بەشێک لە گرفتەکانی نێوان حزب و بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و فراوان بوونەوە گرژی نێوانیان، بەڵام گێرانەوەی دۆخی هەمەلایەنەی ئێستای عێراق بە تەنها بۆ پرسی پێکهێنانی حکومەت، درۆ و فریوکارییەکی ئاشکراو ئاراستە کراوە. ئەزمەی نەتوانینی پێکهێنانی حکومەت دەرهاویشتەی ئەزمەیەکی قوڵتر و هەمەلایەنەترە. تەنها و تەنها گۆشەیەک و بەشێک لە ئەزمەیەکی فراوانتر و سەراسەری ترە کە سەرجەم بۆرژوازی عێراقی دەرگیری بووە. لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە تا ئێستا چەندین خولی هەڵبژاردن و چەندین حکومەت پێکهاتوون، بەڵام هیچ کام لەوانە نەبوونەتە هۆکارێک بۆ کۆتاییهێنان بەو هەلومەرجە ئەزمەگرتووە کە سەرجەم بۆرژوازی عێراقی دەرگیرییەتی و نەبۆتە هۆکارێکیش بۆ وەڵامدانەوە بە سەرەتاییترین خواست و داواکارییەکانی جەماوەری ملیۆنی لە عێراقدا.

نەبوونی هیچ ئاسۆیەکی سیاسی و ئامادەکارییەک بۆ ڕووبەڕووبونەوەی لێکەوتەکانی جەنگ لە ئۆکرانیا و ململانێی جەمسەرەکانی بۆرژوای لە ئاستی جیهانی و ئارایش و هاوپەیمانیەتە تازە پێگرتوەکاندا. بن بەستبوون و بێ توانایی لە وەڵام بەرامبەر بە قوتبە ناوچەییەکان و تەماحەکانیان، بەتایبەتی ئێران و تورکیا... پاشەکشەی هیزە سەربازی و مەیدانیەکانی ئەمریکا و زۆربوونی دەستێوەردانی دەرەکی تا ڕادەی بە نیابەت گرتنی هێز و توانایی حزب و هیزە سیاسیەکان بۆ ئامانجە ئابوری و سیاسییەکانیان و زاڵکرنی هەژموونیان لە ڕێگای زاڵکردنی ڕۆڵیان لە دۆخی سیاسی عێراقدا. بێ ئیرادەکردنی ڕۆڵی حزب و بزوتنەوە سیاسییە کۆمەڵایەتیەکانیان و بوونیان بە دەستکەلای ئەو وڵاتانە. بەهێزی توانایی سیاسی و سەربازی و هەواڵگری و باندی هەمەچەشنی نا حکومی و میلیشیایی ئەحزب لە بەرامبەر بە حکومەت و پێگەی حکومدارێدا... کە هەر کامەیان لەسەر بنەمای تایفی و مەزهەبی و قەومی پێکهاتوون و خاوەنی لەشکری بەهێزن کە هێز و سوپای حکومەت لە بەرامبەریاندا لاوازو دەستەپاچەو بێ توانایە و هەر ئەوانیش کۆسپی بەردەم پێکهێنانی حکومەت لەلایەک و لاوازمانەوە و پەراوێز بوونی هەر حکومەتیکیشە ئەگەر پێک بێت. بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین، بەشێک لەگرفتی بۆرژوازی عێراقی، لە ماهیەتی خودی بزوتنەوەی بۆرژوازی عێراقی و حزبەکانیدایە... هیچ کام لەو حزب و بزوتنەوانە ئامادەنین هێزی سەربازی و لەشکرەکانیان هەڵبوەشێنەوە و تێکەڵ بە سوپاو دامەزراوەی سەربازی حکومی بکەن، ئامادەنین وەلائی حزبی و تایفییان، وەلابنین و لەسەر بنەمای مافی هاوڵاتی بوون مامەڵە بکەن. چ هێزی چەکداری زوربەی هەرزۆری حزبە دەستڕۆشتوەکانی عێراق و چ جەماوەر و لایەنگرەکانیان لەسەر بنەمای تایفی لەدەوریان کۆبونەتەوە. ڕەشەلەشکرێکیان هەیە ڕۆژێک نمایشی سەرجادەو ئاکسیۆنی لەبەردەم پەرلەمان و ناوچەی سەوز پێدەکەن و ڕۆژیکیش وەکو باندی مافیایی و چەکداری نایاسایی لە ململانێی خۆیاندا بەکاریان دەهێنن و ڕۆژێکیش بەریان دەدەنە گیانی ئۆردوی جەماوەری بێبەش و نەدار کە بۆ نان و هەلی کار و خزمەتگوازرییەکان دینە سەرجادە، یان ڕابەران و هەلسوراوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتیەکانیان دەرفێن و تیرۆر دەکەن.

هەموو باڵ و لایەنەکانی بۆرژوازی عێراقی بەجیا لەهەموو گرفتەکانیان، تاکە گرفتێک کە ناتوانن لێی دەربازیان بێت، یان وەکو کۆسپی سەرەکی بەردەم خۆیان دەیبین، بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییە کە ڕێگای گەرانەوەی بۆ دواوەی لە نزیک مەودادا لێگیراوە. ئەم بزوتنەوەیە هەمیشە دەتوانێت چەندین حکومەتی تر بروخێنێ، چەندین سەرۆک وەزیرانی تر ناچار بە پاشەکشە بکات، چەندین کابینەی حکومەتی تر بەسەری شۆڕەوە کەنار بخات.

ئەم واقعیەتە لە ئاستە گشتیەکەیدا بەشێکە لە واقعیەتی کوردستانیش، بزوتنەوەی بۆژوازی کورد لەوپەرێ بێئاسۆییدا پەل و پۆ دەکوتێت، دیدێکی هاوبەش و تەنانەت جیا جیاشیان بۆ ئایندەی سیاسی کوردستان لە عێراق و ناوچەکەدا نییە. فیدرالیزمی قەومی کە ڕیکەوتنی نێوان بۆرژوازی کورد و عەرەب بوو لەسەر دەسەلات و پەیوەندی هەرێم بەبەغداوە، بە کردەوە چۆتە ناو چاوپیاخشاندنەوە و بە بنبەستی کۆتایی گەیشتووە. ڕادەی دەسەلاتی بۆرژوازی کورد لە زەمینەی بڕیاری سیاسی، باڵادەستی بەسەر ئابوری ناوخۆی کوردستاندا، تا دەگاتە دۆسیەی سنورەکان و پرسی ئەمنی و پەیوەندییەکان، ڕووی لە ئاڵوگۆر و دوبارە پیناسەکردنەوەیە لەلایەن بۆرژوازی عێراقیەوە.

جیا لەوانە بزوتنەوەی بۆرژوازی کورد بە قەومی و ئیسلامیەکەیەوە، بەدەسەڵات و هێزە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە، دەرگیرە لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری فراوانی خەڵکی کوردستاندا... قڵشتی نێوان بۆرژوازی کوردو جەماوەری کوردستان بە ڕادەیەکە جارێکی تر توانای جوت بوون و تەبایی لە نێوانیادا داڕماوە و لەبەرامبەر یەکتریدا سەنگەریان لەیەکتری گرتووە، بەهەمان شێوەی ناوەندیش کێشە و ئەزمەی بۆرژوازی کورد، لە حکومەت و پەرلەماندا نییە... بەڵکو کێشەی حکومەت و پەرلەمان و بێ ڕۆڵیان، تەنها گۆشەیەکە لە ئەزمەیەکی قوڵترو فراوانترە.

بۆرژوازی کورد، لەبەردەم هەژموون و هەرەشەی ناوەندا، توانای بەرگری کردنی زۆر لاوازە، بژاردە و کارتێکی لەبەر دەست نییە، تا لەململانێی لەگەڵ بەغدادا بەکاری بهێنێت، ئەوەش بۆرژوازی کوردی خستۆتە حاڵەتی چاوەروانی و هاوکات ئامادەیی بۆ ملدان بۆ سازشی نابەرابەر و نادڵخواز لەگەڵ بەغدادا. سەرباری ئەزمەو بن بەستێک کە بۆرژوازی لە عێراقدا دەرگیریەتی و لێکترازانێک کە ڕووبەڕووی بۆتەوە، بەڵام گوشارەکانی بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم بەردەوامە... لەگەڵ کەمترین ئارام بوونەوەی دۆخی عێراق و نزیکبوونەوەی لایەنە بۆرژوازییەکان لەگەڵ یەکتری و لەوەش زیاتر ئەگەر حکومەت پێکبهێنن، ئاستی گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم زیاتر و بەرینتر و خێراتر دەبێت. بۆرژوازی کورد لەوبارەیەوە بێ ئاگا نییە و بەپێچەوانەی بانگەشەکانی ئێستایان کە خەمی هەلومەرجی عێراقیانەو گوایە دەیانەوێت هیزو لایەنە عێراقیەکان ڕێک بکەون، لە دنیا واقیعیدا، هەلومەرجی ئێستای عێراق بە سودی خۆیان دەبینن و وەکو هەمیشە مایەیان لەسەر لاوازی ناوەند، ململانێی نیوان هیزە عێراقیەکان و ئاڵۆزی، هەڵچنیوە تا لانی کەم گوشارەکانی بەغدا بەشێوەی لاوازتر لە ئاستی هەرێمدا بچیتە پێشەوەو خواست و تەماحەکانیان، گرفت و لەمپەری بۆ دروست بێت.

بە کورتی چ لە عێراقدا ئەزمەی سەرەکی نەبوونی حکومەت و ناکارایی پەرلەمان نییەو چ لە کوردستانیشدا، کیشەی بۆرژوازی کورد دوو ئیدارەیی و نەبوونی هیزی پیشمەرگەی هاوبەش... تاد نییە. بەڵکو خودی ئەوانە دەرهاویشەی کیشەی بناغەیی ترن و ریشەیان لەنەبوونی دورنما و پرۆژەی سیاسی دوور مەودا و نەبوونی ئاسۆیەکی ڕۆشن بۆ ئاییندەی ململانیکان لە ئاستی جیهان و ناوچەکەو ئارایش و هاوپەیمانیەتە تازەکان و گۆرانی هاوسەنگی هیزی نیوان بلۆکە جیهانی و ناوچەییەکاندایە.

چ بۆرژوازی عێراق و چ بۆرژوازی کورد، فاکتەری دەخیل و کارا لەسەر ئاڵوگۆرەکانی ناوچەکە نین، بەپێچەوانەوە پێگەی بۆرژوازی عێراقی و ناسیونالیزمی کورد لە ژێر کاریگەری، فاکت و ئالوگۆرە جیهانی و ناوچەیەکانن... دیارە لەو نێوەدا جێگەو ڕێگای عێراق و بۆرژوازیەکەی بەو هۆیەوە خاوەنی دەوڵەتن و لە ئاستی نیودەوڵەتیدا دانپانراون حساب بۆکراون، بەبەراورد بە ناسیونالیزمی کورد کە دەسەڵاتیان لەرێگای هەیمەنە حزبدا بەسەر جغرافیایەکی شەقبووی ناودەوڵەتیدایە، سەختر و خراپتر و بێ ئایندەترە، بۆیە لە نەبوونی ئەڵتەرناتیفی دیاریکراوی تردا، ناچارن ئومێد و قیبلەیان لە عێراق و بۆرژوازی عێراقی بێت.

**عەبدوڵا مەحمود**

**کۆتایی ئابی ٢٠٢٢**

***هەموو باڵ و لایەنەکانی بۆرژوازی عێراقی بەجیا لەهەموو گرفتەکانیان، تاکە گرفتێك کە ناتوانن لێی دەربازیان بێت، یان وەکو کۆسپی سەرەکی بەردەم خۆیان دەیبین، بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییە کە ڕێگای گەرانەوەی بۆ دواوەی لە نزیك مەودادا لێگیراوە. ئەم بزوتنەوەیە هەمیشە دەتوانێت چەندین حکومەتی تر بروخێنێ، چەندین سەرۆك وەزیرانی تر ناچار بە پاشەکشە بکات، چەندین کابینەی حکومەتی تر بەسەری شۆڕەوە کەنار بخات...**

***بزوتنەوەی بۆرژوازی کورد بە قەومی و ئیسلامیەکەیەوە، بەدەسەڵات و هێزە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە، دەرگیرە لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری فراوانی خەڵکی کوردستاندا... قڵشتی نێوان بۆرژوازی کوردو جەماوەری کوردستان بە ڕادەیەکە جارێکی تر توانای جوت بوون و تەبایی لە نێوانیادا داڕماوە و لەبەرامبەر یەکتریدا سەنگەریان لەیەکتری گرتووە...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# درێژەی...کرێکارانی ژینگەپارێز بۆ موچە و مافەکانیان دەست دەدەنەوە مانگرتن...

و ..شارۆچکەکان بە هیمەت وماندووبوونی ئەوان پاک دەکرێتەوە سیمایەکی جوانیان پێدەبەخشێت، کەچی لەجێگای ئەوەی ستایشی هەوڵ و ماندوبوونیان بکرێت و کرێیەکی شیاو و هەلومەرجی کارێکی گونجاویان بۆ زامن بکرێت، وەکو سواڵکەر مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت... بەجیا لەوەی کرێیەک کە وەری دەگرن هێندە کەمە کە بەشی بەڕێوەچوونی نەک مانگێک، بەشی یەک هەفتەی هیچ خێزانێک ناکات و هاوکاتیش ئەو موچە کەمەیان بەشێوەی بەردەوام دوادەخرێت. زۆرجار بە دوو مانگ و سێ مانگ یەک موچەیان پێدەدرێت. جیا لەوانە ئەو بەشە لە کرێکاران بەهۆی شێواز و ژینگەی کارەکەیان پێویستیان بە پێداویستی کارە، کەچی لەو بارەیەشەوە گوێیان لێ ناگیرێت. چەند مانگ پێش ئێستا، ئەو کرێکارانە لەپاڵ بەشێکی زۆری کرێکارانی شارە شارۆچکەکانی تر، دەستیان دایە کۆبونەوە و مانگرتن و خۆپیشاندان، دوای ئەوە چ شارەوانی و چ کۆمپانیاکان، لە ژێر گوشاری ئەو نارەزایەتییەو کۆبونەوەی خۆڵ و خاشاکێکی زۆر لەگەرەک و شەقامەکان بەڵێنیان بە کرێکاراندا، کە موچەکانیان لەکاتی خۆیدا پێبدەن و بەدەم داخوازییەکانیانەوە بچن، کەچی بەکردەوە خۆیان لە جێبەجێکردنی خواستەکان دزیەوە و لەوەش زیاتر ژمارەیەک لە کرێکارانیان لەسەر کار دەکرد و کاری ئەو کرێکارە دەرکراوانەشیان بە بەشێکی کەمتر لە کرێکاران کرد، بەمەش سەختی کاری کرێکارەکانیان دووبەرابەر کرد...

ئێستا دوای ئەو هەموو بەڵێنانەو دوبارە دواخستنی موچەکانیان و نەبوونی پێداویستی سەلامەتی کار، بەشێکی زۆری کرێکاران بۆ بەرگرتن بە ژیان و گوزەرانیان و موچەکانیان، ناچارن مان بگرن و کار ڕابگرن... تا وەڵام بە خواستەکانیان دەدرێتەوە. کار راگرتنی ئەم کرێکارانە ناچارییەو لە پێناو خواستە زۆر سادەو رەواکانیاندایە.

پشتیوانی بەشەکانی تری کرێکاران و کۆمەڵگە بەشێوەی گشتی لە خواستی کرێکارانی ژینگەپارێز و مانگرتن و نارەزایەتیەکەیان، رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لەوەی کۆمپانیاکان و شارەوانی و دەسەڵاتی سیاسی بەزووی بەدەم بانگەوازو داخوازییەکانیانەوە بچن، هاوکات زوو وەڵامدانەوە بەخواستی ئەو کرێکارانە وادەکات کرێکاران بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان و ڕێگە لەوە بگرن لەوە زیاتر خۆڵ و خاشاک لە گەرەک و شەقامەکان کۆببنەوە و سیمای شارەکان ناشیرین و هاوکات بۆگەنی پیسی بڵاوببێتەوە کە سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە.

کرێکاران بەشێوەی گشتی و کریکارانی ژینگەپاریز وەکو بەشێک لە چینی کرێکاری کوردستان، رۆڵ و پیگەیان لە کۆمەڵگەدا ناتوانرێت نادیدە بگیرێت و کەس ناتوانێت گومان لەوە بکات، کە کۆمەڵگە لەسەر زەحمەت و ماندووبونی ئەوان دەچەرخێت... بۆیە پێویستە پشتیوانیان لێ بکرێت... بەجیا لە پشتیوانی بەشەکانی کرێکاران و خەڵکی کوردستان، رۆڵی ریکخرابوون و یەکگرتووبوون و هاوکاریی نێوانیان و پێکهێنانی دەستەکانی نارەزایەتی و پێکهێنانی ڕیکخراوەی ژینگەپاێزان رۆڵی چارەنووس ساز دەگێرت بۆ خستەگەری تواناکانیان و بەهێزبوونی لە بەرامبەر بە کۆمپانیا و شارەوانی و تەنانەت بەرامبەر بەو هێزە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەی هەوڵی شکست دان بە مانگرتنی کرێکاران دەدات. هیزی چینی کرێکار لە رێکخراوبوونی دایە بەتەنها دروشمێک نییە، بەڵکو تواناییەکی ئەزموونکراوە، هێزی رێکخراو توانایی پتەو ترە، متمانە بەخشە، کاریگەری زۆرترە، تێکشکاندان و پاشەکشەپێکردنی سەختە، زامنی داسەپاندنی خواستەکان و نیشاندانی توانایی چینی کرێکارە.

## بەیاننامەی دەستەی کرێکارانی ژینگە پارێز
## بۆ بەڕێزان/وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی
## وەزارەتی شارەوانی
## سەرجەم لایەن سیاسی و ئیدارییەکانی دەڤەری ڕاپەڕین

بەڕێزان ئێمەی ژینگە پارێزان لە ١٥ی ٦ی ٢٠٢٢ەوە هیچ مووچەیەکمان پێ نەدراوە ئێستا کە نزیک دەبینەوە لە مانگی (٩)بایکۆتی کارەکانمان کردووە لە سەرجەم دەڤەری ڕاپەڕین، بەداخەوە لەماوەی هەشت مانگی ڕابردوو ئەوە سێیەمین جارە بۆ داوا ڕەواکانمان دێینە سەر شەقام، بەڵام وەک ئێوە ئاگادارن بەڕێوبەرایەتی شارەوانیەکانی ڕاپەڕین توانای چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەی نیە هەربۆیە داوا خوازیین لایەنە باڵا دەستەکان لە وەزارەتی شارەوانی و ئیدارەی ڕاپەڕین بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژینگەپارێزان لە دەڤەری ڕاپەڕین بۆ بەرچاوڕونی زیاتر ئەم داخوازیانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو...

١-دەست بەجێ پێدانی هەردوو موچەی ڕابردوو لە لایەن کۆمپانیای جێبەجێ کار لە تەندەری ڕابردوو.

٢-دەستەبەرکردنی تەواوی ژینگە پارێزان لە تەندەری داهاتوو.

٣-گۆڕینی کۆمپانیای (گارێکس-بیڤان)و لە تەندەری داهاتوو هیچ پڕۆژەیەکی پێ نەدرێتەوە، چونکە پێمان وایە هەرکۆمپانیایەک بۆ خزمەتی کرێکاران و ژینگە پارێزان تێنەکۆشێ شایەنی کارکردن نییە لە دەڤەرەکە.

٤-دەستەبەرکردنی زەمالەی تەندروستی بۆ ژینگەپارێزان و ئەندامانی خێزانەکانیان بە مەبەستی باشتر خزمەتکرنیان.

٥-دابینکردنی کەل و پەلی سەلامەتی و گەیشتنی کەلوپەلەکان لە کاتی خۆییدا بەبێ دواکەوتن بۆ دەستی ژینگە پارێزان.

٦-بەڵێنی پێدانی مووچەکانی داهاتوو لە کات ساتی خۆییدا بە بێ دواکەوتن.

٧-گەڕاندنەوەی ژینگەپارێزە دەرکراوەکان، چونکە ئەو ئەرکەی ئەوان جێیان هێشتووە زیادکراوە بۆ سەر شانی ئێمە و هەراسانی کردووین.

**دەستەی کرێکارانی ژینگەپارێزانی ڕاپەڕین**

**٢٠٢٢/٨/٢٨**

# درێژەی...لەپرۆژەی باڵاپۆشی و تاجی زێرینەوە بۆ پرۆژەی بەهای فەرموودە

ئەزمە و شکستی رەوت گەلی ئیسلامی داعشی و ئەردۆغانین، بۆ قەربووکردنەوەی ئەو شکستانەو ناکامی خۆیان، ماوە ماوە پرۆژەی جیاجیا بەدەستەوە دەگرن، ڕۆژێک کێبەرکێی باڵاپۆشی و لەژێر ناوی لەسەرنانی تاجی زێڕین و رۆژیک لەبەرکردنی حەدیسەکانی محەمەد و رۆژیک دابەش کردنی شمەک و پیداویستی بەسەر منالان و خێزانە کەم دەرامەتەکان... دەگرنە بەر.

ئامانجی یەککگرتوو لەم پرۆژانە لەلایەکەوە بۆ خۆشاردنەوەو پەرەپۆش کردنی شکست و ناکامی و پاشەکشەی بەردەوامیەتی لە گۆرەپانی سیاسی کوردستاندا و لەلایەکی تریشەوە هەوڵە بۆ دەسپێکێکی تازە و خستنی زەخیرە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، وە هاوکات هەوڵیکە بۆ پێگەیاندنی نەوە لەدوای نەوە لەدەوری پرۆژە ئیسلامیەکانیان، تا لانی کەم بتوانن لەم ریگایەوە شارستانی بوونی کۆمەڵگەی کوردستان بشارنەوە و بەرگی ئیسلامی بەبەردا ببڕن. ئیسلامیەکان و یەککگرتووی ئیسلامی چاویان بە کراوەیی کۆمەڵگەی کوردستان، بە هوشیاریان، بە رەفتار و هەلس و کەوتی مەدەنی رۆژانەیان، بەسەیران و سەفایان، بۆ ئارەزوی گەرانیان بەدوای دیتنی پیشرەویەکانی ئینسان و زانست و زانیاری... بۆیە هەمیشە هەوڵ دەدەن بە پرۆژەی ناکۆک بە دنیابینی شارستانی و ئیرادەی ئازادانەی ئینسان، پرۆژەی بە کۆیلەکردن و ملدان بە کۆنەپەرستی و فەرمودەی سەردەمی جاهیلی دواکەوتوانە کۆمەڵگە لیخن بکەن. یەککگرتوو کە هەڵگری هیچ پرۆژەیەک بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان نییە، بە پێوەری خودا لە پێشدا چارەنووسی ئینسانەکانی دیاریکردووە و رسق خواد دەیبەخشیت و ئەم دنیایە کاتی و ئەزموونییە و دنیا دنیای سبەینێیە، خوازیارە کۆمەڵگە لەبەرامبەر ستەمی دەسەڵات، کۆمپانیا، کۆنەپەرستی ئیسلامی بێدەنگە رابگرێت...

هەر ئەو ئیسلامی و یەککگرتوانەی رۆژانە کاوێژی ئەوە دەکەن لە سەدا ٩٩ خەڵکی کوردستان موسوڵمانن!! کەچی پرۆژەی بە ئیسلام کردنی کۆمەڵگە بەدەستەوە دەگرن و ترس و نیگەرانیان لە یەک لە سەدی!! خەڵکی کوردستانە. هەروەها خەڵی کوردستان لەهیچ لایەکەوە زوڵمی مەزهەبی نەک لەسەر نییە، بەڵکو زوڵمی ئیسلامی لە ریگای کۆنەپەرست بوونی دەسەڵات و یاساو رێسا ئیسلامیەکانەوە، لەسەر نائیسلامیەکان و ئاتەئیست و مەزهەبەکانی تر واقعیەتی کۆمەڵگەی کوردستانەو لەو راستایەشدا ئەوە مەلاو ئیسلامیەکانن رۆژانە فتوا دەدەن و بە فتواو فیتنەی ئەوانیش خەڵک تیرۆر کراوەو راونراوەو سوکایەتی پێکراوە و دەکرێت... هیچ ئیسلامیەک، باڵاپۆشیک، مەلا و کەسایەتیەکی دینی لەلایەن عەلمانی و ئاتەئیستەکانی کوردستانەوە هیچی پێ نەوتراوە، بە پێچەوانەی ئەوەوە دەم پیسی و هەرەشەو سوکایەتی ئیسلامیەکان، بە عەلمانیەکان و بەهەموو سیمایەکی مەدەنی و بەهەر لیکدانەوە رەخنەیەک لە ئیسلام... مەلا مەزهەر و هەڵۆکان، عەبدولەتیفەکان، ئامادەن و دەست وەردەدەنە هەموو لایەنێکی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەردی تاکەکان و خواستە ئازادەکانیان.

چ ئیسلامیەکان و چ یەککگرتووی ئیسلامی لە کۆمەڵگەی مۆدێرنی کوردستاندا شانسی بوون بەهێز و گرتنی دەسەڵاتیان نییە، بۆیە بەدوای ڕیگەی تردا دەگەڕین تا ئینسانی ئەم کۆمەڵگەیە بی ئیرادە بکەن، ئەوەش وای کردووە ئاوا بە ئاسانی دەستیان کراوە بێت، دەسەڵاتی سیاسی کۆنەپەرست بۆرژوای کوردە.

# ٢٦ ساڵ بەسەر تاوانی ٣١ ئابدا

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

ئەمساڵ، ٢٦ ساڵ بەسەر تاوانکاری ٣١ ئابدا، تێدەپەڕێت. تاوانکارییەک کە هەمیشە لەگەڵماندا دەژیت، بەجۆرێکی تر درێژەی هەیە، ئەگەری چەند بارەبوونەوەی ڕاستیەکی نکۆڵی هەڵنەگرە. ٢٦ ساڵ بەر لەئێستا و لە درێژەو چوارچێوەی جەنگی دەسەڵاتی باڵەکانی بۆرژوازی کوردا و بەتایبەتیش لە جەنگی نێوان پارتی و یەکێتیدا، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پەلکێشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی سێدارەو سەنگسار و پارتیش پەلکێشی هێزە چنگ بەخوێن و فاشیستیەکە بەعسی کرد. هەر یەک لە پارتی و یەکێتی بۆ ڕاگرتنی باڵانس و باڵادەستی سیاسی و سەربازی خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا، دەستیان برد بۆ ئەو تاوانە لەبیرنەکراو و لێخۆش بوون هەڵنەگرە.

٣١ ئاب، باڵانسی هێزی گۆڕی، پارتی کردە هێزی یەکەمی سەر گۆرەپانی سیاسی کوردستان و بەکردەوەش هەردوو جغرافیای سەوزو زەردی کردە دوو زونی لێک جیاوازی سەر هەریمێکی بریندار و بێخاوەن.

تاوانی ٣١ ئاب، تەنها بیرەوەریەکی تاڵ نییە لە یادەوەری خەڵکی کوردستاندا، تەنها پێشلەشکری و خۆشخزمەتیەک نییە بە دوو ڕژێمی درندەی خەڵکی کوردستان، تەنها گۆرینی باڵانسی هێز نییە، تەنها بە دوو زون کردنی هەرێمێک نییە، بەڵکو تاوانێکە کە تیایدا بە هەزاران ئینسان بوونە قەرەبروت، بەهەزاران ئینسان تیایدا کەم ئەندام و سەقەت بوون، بە دەیان هەزار ئاوارە بوون، بە هەزاران ماڵ وێران و خاپور کران، بەسەدان ئینسان لە ئۆپۆزیسیۆنی ولاتانی ناوچەکە بەتایبەتی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی عێراق و تورکیا، خەڵتانی خوێن کران یان دەستگیرو پاشان لە سێدارە دران، بە هەزاران ئینسان دوای بەدیل گیرانیان، بێ سەروشوێن کران و تا ئێستا نەک چارەنووسی ژیانیان، بەڵکو چارەنووسی گۆڕەکانیشیان ونە. ئەمانە لەلایەن بزوتنەوەی کوردایەتیەوە ئەنفال کران، بەڵام دیار نییە لەژێر کام تەپۆلکە و بناری چ شاخ و لە چ دەشتایەکی کورستانی عەزیزی پارتی و یەکێتیدا!!، ژێر خاک خراون. هێشتا کەس و کاری ئەو هەزار ئینسانە چاوەروانن بزانن باوک و براکانیان... نەک بەزیندووی، بەڵکو دوای مەرگیان، لە کوێن؟ پارتی و یەکێتی و هاوشێوەکانیان، کە فرمێسکی تیمساحی بۆ قوربانیانی دەستی بەعس و ئەنفال هەڵدەرێژن، دەزانن زوربەی ئەنفال کراوەکان لە چ پێدەشتیکی لمیندا لەلایەن بەعسەوە بەکۆمەڵ لەگۆڕنران، بەڵام هێشتا خەڵکی کوردستان و خاوەن قوربانیەکان و بێسەروشوێنەکانی جەنگی ناوخۆ نازانن ئازیزەکانیان، لە کوێ بەکۆمەڵ کراون بە گەروی زەویدا، تا بتوانن سەردانی گڵکۆکانیان بکەن... نەپارتی و نە یەکێتی ئامادەنین بە مردویش چارەنووسی ئەو هەزاران ئینسانە بەکەس و کارەکانیان و بە کۆمەڵگەی کوردستان ڕابگەیەنن. بەم جۆرە پارتی و یەکێتی ناهێڵن ئەم سێلاوی خوێنە وشک بێت، ئەم ئاخ و ئازارە کەم بێتەوە، ئەم برینە بەرەو سارێژی بڕوات.


ئەم کارەساتە جەرگبر و خوێناوییە، هێشتا درێژەی هەیە، چونکە هێشتا خۆشخزمەتی و نۆکەرایەتی بۆ ولاتانی ناوچەکە درێژەی هەیە، هێشتا تەماحی باڵادەستی زۆرتری دەسەڵات و پاوانی جغرافیای زۆرتر و تالانی بێ ئەوپەری داهاتی کۆمەڵگەی کوردستان لە رێی میلیشیاو زۆرەوە بەردەوامە. ١٦ ئۆکتۆبەر گۆشەیەکی تری ئەم تاوانانەو درێژە دانە بە ٣١ ئابەکان.

پارتی و کارخانەی ڕاگەیاندن و کارخانەی دروستکردنی مۆدیلی بەڵی بۆ ٣١ ئاب و بەرگری لێکردنی دەچەرخێ. رابەران و کادرانی ئەو حزبە گۆشی ئەوە کراون لەجێگای ئیدانەکردنی ئەم تاوانە، شانازی بە ٣١ ئابەوە بکەن و لەوەش خراپتر درۆی ئەوەی بۆیە بەعسیان هێناوە تا کوردستان لەدەست داگیرکەرانی دەرەکی ئێرانی بپارێزن و چاوەروانن خەڵکی کوردستان خەڵاتیان بکەن!!. ئێستاش هەر ئەو پارتیە لە جێگای بەعسی گۆربەگۆر کراو دەستیان لەناودەستی ڕژێمی فاشیستی ئەردۆغانی تورکیادایەو لە نۆکەرایەتی بۆی بێدرێغن. یەکیتیش کەتا ئێستا دەستی بە کۆماری ئێرانەوە گرتووە، پێمان دەڵێن، ئێمە لەخۆشخزمەتی بەردەوامین. لەگەڵ قولبونەوە و قلشتی دەسەڵات و داهات و دارمانی باڵادەستی و تێکچوونی ئەو هاوسەنگیەی هەیە، ئەگەری دوبارە پەلکێشکردنەوەی ئەم رژێمانە ئەگەرێکی کراوە و پێشبینی کراوە.. ئەمان خویان بەو عادەتەوە گرتووە.

خەڵکی هوشیاری کوردستان و لە پێشیانەوە، کەس وکار و قوربانیانی جەنگی دەسەڵاتی ناوخۆ و ٣١ ئاب و کەس و کاری بێ سەروشوینەکان و ...تاد، و هەموو ئەو ئینسانانەی هێشتا فایلی ٣١، لایان دۆسیەیەکی زیندووە، پێویستە لەسەریان گوشارەکانیان لەسەر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی زیاد بکەن بۆ ڕاگەیاندنی چارەنووسی بێسەروشوێنەکان و قەرەبووکردنەیان و راکێشانی تۆمەتباران و کاراکتەرە سیاسی و سەربازییەکانی ئەم تاوانە بۆ بەردەم دادگایەکی بێلایەن و شارستانی.

کارەساتی ٣١ ئاب، پەروەندەیەکی کراوەیە تا ئەوکاتەی چارەنووسی بێ سەروشوێنەکان رادەگەیەنرێت و تۆمەتبارانی سزای تاوانەکانیان لە دادگایەکی بێلایەنی عادلانەدا وەردەگرن، و پارتی و یەکێتی و حزبەکانی بۆرژوازی کورد، دەست لە عادەتی خۆشخزمەتی و نۆکەرایەتی بۆ ولاتانی ناوچەکە هەڵدەگرن، کە هەمیشە ئەو عادەتە دەتوانێ کۆمەڵگە لەبەردەم ٣١ ئابەکان و ١٦ ئۆکتۆبەرەکانی، داهاتوودا رابگرێت.

# ناتۆ و شەڕی ئۆکرانیا



نووسینی: توانا محمد نوری

کاتێک شورەوی ساڵی ١٩٩١ هەڵوەشایەوە، هەندێ سیاسەتمەدار و ئەکادیمیستی ڕۆژئاوایی و شوێنی تریش دەیانگووت جیهانگیری و سەرکەوتنی سەرمایەداری ڕۆژئاوا و باڵادەستی و هەژموونی لە سەرانسەری جیهاندا سەردەمێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە و شەڕی نێوان وڵاتە زلهێزەکان چیتر مومکین نییە. بۆ نموونە فرانسیس فۆکویاما و تۆماس فریدمان لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا گووتیان ئێمە لە قۆناغێکی نوێی سەرمایەداریدا دەژین کە تیایدا ئەگەری قەیرانی سەرمایەداری جیهانیمان تێپەڕاندووە. پاشان قەیرانی گەورە و قوڵی ئابووری ساڵی ٢٠٠٨ ڕوویدا و هەمووان، جگە لە خەڵکی چەپ و کۆمۆنیستەکان کە ئەم حەقیقەتەیان ئەزانی، بۆیان دەرکەوت کە سەرمایەداری سەرەڕای پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، هێشتا قەیرانی ئابووری و شەڕ بەشێکی دانەبڕاوی سیستمەکەیە. شەڕی ئۆکرانیا و ململانێی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا و گەڕانەوەی نەک تەنها بۆ جەنگی سارد, بەڵکو بۆ ئەگەری شەڕێکی گەرم و دووبارە دابەشکردنەوەی جیهان و ناوچەی نفوزیان.

هەر ئەمانیش بوو گووتیان بڵاوبوونەوەی لیبرالیزمی ئابووری و بازاڕی ئازاد دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی دیموکراسی لە جیهاندا!

ئەگەر گۆڕانی ژینگە و کەشوهەوا ئاماژە بەوە بکات کە بەردەوامبوونی سەرمایەداری دەبێتە هۆی خنکاندن و وێرانبوونی ناوچە جیاوازەکانی زەوی، ئەوا شەڕی ئۆکرانیا نەک هەر ئاماژە بەوە دەکات کە شەڕ دیاردەیەکی دانەبڕاوی سەرمایەدارییە، بەڵکو مەترسییەکانی لەناوچوونی مرۆڤایەتی لە شەڕی ئەتۆمیدا ڕەنگە پرسی کەشوهەوا بکاتە پرسێکی ئەکادیمی.

زۆر کەس باس لە ناتۆ دەکەن وەک هاوپەیمانییەتێکی بەرگریکارانەی نێوان وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە کاتێکدا مێژووی ئەم هاوپەیمانییەتە ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە کە ڕاستەوخۆ نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکات. ناتۆ بە دەستپێشخەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٤ی نیسانی ١٩٤٩ پێکهات و لە سەرەتای خۆیدا ١٢ وڵاتی گرتەوە، ئەوانیش ئەمریکا، فەرەنسا، بەریتانیا، کەنەدا، بەلجیکا، هۆڵەندا، لۆکسمبۆرگ، ئیتاڵیا، پورتوگال، نەرویج، دانیمارک و ئایسلەندا. هەرچەندە ئامانجی ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانییەکە بەرگرییەکی هاوبەش بوو لە بەرامبەر هەر هێرشێکی یەکێتی شورەوی و هاوپەیمانێتی وارشۆ، بەڵام هاوپەیمانییەکە دوای ڕووخانی یەکێتی شورەوی و نەمانی هاوپەیمانێتی وارشۆ فراوانتر بوو وە ٣٠ وڵاتی گرتەوە لەوانە هەنگاریا، چیک و پۆڵەندا (١٩٩٩)، ئینجا بولگاریا، ئیستۆنیا، لاتڤیا، لیتوانیا، ڕۆمانیا، سلۆڤاکیا و سلۆڤینیا (2004)، بە شێوەیەکی پراتیکی ناتۆ ڕووسیای گەمارۆداوە.

هەرچەندە ناتۆ بە ناو هاوپەیمانییەکی یەکسانی وڵاتانی ئەندامە، بەڵام باڵادەستی سەربازی ڕەهای ئەمریکا بەو مانایەیە کە هاوپەیمانییەکە تەنیا درێژکراوەی دەسەڵاتی سەربازی ئەمریکایە. خەرجی سەربازی ئەمریکا ساڵانە نزیکەی ٧٣٨ ملیار دۆلارە (بە بەراورد بە ٢٩٣ ملیار لە چین و ٦٥ ملیار لە ڕووسیا) و سوپای ئەمریکا زیاتر لە ٧٥٠ بنکەی سەربازی لە سەرانسەری جیهاندا هەیە. لە کاتێکدا سکرتێری گشتی ناتۆ لە هەر خولێکدا لە وڵاتێکی جیاوازی ئەندامی ناتۆیە، فەرماندەیی باڵای سەربازیی ناتۆ لە ساڵی ١٩٤٩ تا ئەمڕۆ لە دەستی ژەنەراڵەکانی ئەمریکادا ماوەتەوە.

بەڵام سەرەڕای بەردەوامی باڵادەستی سەربازی ئەمریکا، ئامارەکان لەسەر ئاستی ئابووری جیهانی ئاماژە بەوە دەکەن کە هەژموونی ئەمریکا لە جیهاندا بەرەو ئاوابوون دەچێ. کاتێک ناتۆ پێکهات، ئابووری ئەمریکا نزیکەی ٥٠٪ی کۆی بەرهەمی جیهانی پێکدەهێنا و ئەو ڕێژەیەش ئەمڕۆ بۆ نزیکەی ١٩٪ دابەزیوە، لە کاتێکدا ڕێژەی ئابووری چین لە بەرهەمی ناوخۆیی جیهانیدا لە کەمتر لە ٢٪ لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ نزیکەی ١٧٪ لە ئەمڕۆدا سەرکەوتوە.

ئەمە تەحەدایەکی جیددییە ڕووبەڕووی هەژموونی ئەمریکا بۆتەوە. هەر ئەم هۆیەشە وای لە ناتۆ کردووە لە دوای کۆتایی جەنگی ساردەوە لە ڕۆژهەڵات فراواتر ببێت. گەمارۆدانی بەم جۆرەی ڕووسیا وەک ئامادەکارییە بۆ تەحەدای چینیش.

**سەرچاوەکان:**

**https://armedforces.eu**

**http://isj.org.uk/eurasian-faultline**

**How Hegemony Ends: The Unraveling of American Power**

**ئابی ٢٠٢٢**

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## بەڕێز ئارام حەمە ساڵح لە ئەمریکا _ چالاکوان و چاودێری سیاسی، وەڵامی پرسی رۆژ دەداتەوە...



پرسی ڕۆژ/ بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی لەهەرێمی کوردستان لەم مانگە دەریکردبوو، سەبارەت بە یەکپۆشی جلوبەرگی خوێندکاران لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان، و زانکۆکانی سەرپشککردبوو لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە. تاوەکو ئێستا تەنیا زانکۆی سەلاحەدین بەنیازە لەساڵی خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ جێبەجێی بکات. بەپێی بڕیارەکە یەکێك لە ئامانجی یەکپۆشی نەهێشتنی قڵشتی چینایەتیە لەنێوان خوێندکاراندا.

بەڕای ئێوە ئەوبڕیارە بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوەیە یان ئامانجی دیکەی لە پشتە؟ وە ئایا یەکپۆشی تاچەند لەگەڵ ئازادی هەڵبژاردنی جلوبەرگدا دێتەوە بۆ ئینسانەکان؟

بەڕێزئارام حەمە ساڵح لە ئەمریکا _ چالاکوان و چاودێری سیاسی، بەمجۆرە وەڵامی پرسی ئەم ژمارەیەی داینەوە.

### یەکپۆشی / زی الموحد / Uniform

یەکپۆشی مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، و بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٢٢٢زاینیدا لە ئینگلتەرا لەلایەن قەشەیەکی کریستیانەوە پێشنیاز کرا، وتایبەت بوو بەو خوێندکارانەوە کەلە کڵێسادا دەیانخوێند. دواتر لەسەدەی شازدەهەمدا (١٦)دا لە نێو هەندێك لە قوتابخانەو زانکۆکانیشدا بۆ ماوەیەك لە جێکەوتکرا، دوا بەدوای ئەمانیش لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرلە ساڵی ١٩١٧ دا لە ڕوسیا و وڵاتانی سۆشیالیستی ( بلۆکی یەکێتی سۆڤیەت ) لە زۆربەی زانکۆو پەیمانگاکاندا کاری پێکراو بەسەر هەموو خوێندکاراندا سەپێنرا.

هەڵبەتە مەرامی بیرۆکەی یەکپۆشی بریتی بوو لە سازدانی جۆرێك لەهەماهەنگی و یەکترناسینەوە لەنێو قوتابیاندا، و لەهەمان کاتیشدا جەخت کردنە سەر خوێندنی ئەکادیمی وگوێنەدان بە پۆشاك و کەلوپەل، بەڵام لە وڵاتانی سۆشیالیستی و یەکێتی سۆڤیەتدا مەبەستی سەرەکی لەیەکپۆشی نەهێشتنی جیاوازی چینایەتیی بوو لە نێوان قوتابیانی هەژارو دەستکورت و قوتابیانی سەر بە چینە بۆژوازی و دەوڵەمەندەکان .

مەخابن تاکوو ئێستا هیچ سەرژمێریەکی باوەڕپێکراو لەبەردەستدا نییە بۆ سەلماندنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی یەکپۆشی، جگەلەوەش یەکپۆشی هیچ کام لەو مەرامانەی نە پێکاوە کەلەسەرەوە ئاماژەم پێدان، ئەوەی هەیە تەنها بیرو بۆچونی کەسانی شارەزاو توێژەرە لەو بوارەدا .

لێرەدا بە باشی دەزانم کە ئەزمونی شەخسی خۆم لەگەل یەکپۆشیدا باس بکەم؛ لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردوو‌داو پێشتریش عێراق سیستەمی یەکپۆشی بەسەر هەموو خوێندکارانی زانکۆ و پەیماگاکاندا سەپاند، کە بریتی بوو لە چاکەتی شینی تۆخ و کراسی سپی و پانتۆڵی ڕەساسی و بلوزی نیلی. لەوکاتەدا من لە بەغداد خوێندکار بووم لەو گەرمایەی بەغدادا نەماندەتوانی زیاتر لە ڕۆژێك کراسی سپی لەبەر بکەین، ئێمەی هەژاروکەم دەرامەتیش لەیەك یان دوو کراسی سپیمان زیاترمان نەبوو، بۆیە دەبوو بەلای کەمەوە هەفتەی دو تاسێ جار خەریکی شوشتن و ئوتووکردنی کراس بین، ئەمەش کاتێکی زۆری بەفیڕۆ دەداین و لەکاتی کۆشش و خوێندنی کەم دەکردینەوە، لەکاتێکدا قوتابییە دەوڵەمەندەکان چەندین کراسی سپیان هەبوو و هەرگیز کاتی خۆیان بە کراس شوشتنەوە بە فیڕۆ نەدەدا !

ئەم بڕیارەی حکومەتی هەرێمی کوردوستانیش تەنها بۆ سەرقاڵکردنی خەڵك ولە بیربردنەوەی کێشە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی کوردیە، و هیچ لایەنێکی ئەرێنی تێدا نابینم ! دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لە بری ئەوەی هەلی کار بۆ دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکان و هاوڵاتیان بدۆزێتەوە، لەبری ئەوەی هەوڵبدات کێشەی بێکاری چارەسەر بکات، لەبری ئەوەی چارەسەرێك بۆ چینی هەژارو زەحمەتکێش بدۆزێتەوە و کەمێك ژیان و گوزەرانی خەڵکی باش بکات، لەبری ئەوەی کار لەسەر چاککردنی سیستەمی پەروەردەو تەندروستی بکات؟ دێت لەم کاتو ساتە ئاڵۆزەدا بڕیاری یەکپۆشی دەردەکات و دەیسەپێنێ بەسەر خوێندکاراندا!

لایەنە خراپەکانی یەکپۆشی لە چەند خاڵێکدا:

١. گرانی جلوبەرگی یەکپۆشی.

٢. یەکپۆشی نابێتە هۆی لابردنی جیاوازی چینایەتی.

٣.یەکپۆشی گواستنەوە لە قۆناغی منداڵیەوە بۆ گەورەیی ئاڵۆزدەکات.

٤. یەکپۆشی خۆش نییە و ناچێەتە دڵەوە.

٥. یەکپۆشی نابێتە هۆی باشترکردنی خوێندنی ئەکادیمی.

٦. یەکپۆشی وا لە قوتابیان دەکات کەهەست بکەن لەلایەنێکەوە کۆنترۆڵکراون.

٧. یەکپۆشی ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە هۆکاری یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە.

٨. یەکپۆشی دەبێتە هۆی لابردنی ستایل و مۆدێلی جوان.

٩. یەکپۆشی بێزارکەرەوهیچ ڕێزێك بۆ کلتورە جیاوازەکان دانانێت.

١٠. بەشێوەیەکی گشتی خوێندکار کەیفی بە یەکپۆشی نایەت.

# دیسانەوە تیرۆر

٢٨ ئەم مانگە جارێکی تر دەستی تیرۆر گەیشتە کفری و سوهێل خورشید" ناسراو بە مامۆستا شەماڵ" ی نووسەر و چالاکوان و ئەندامی ئەنجومەنی تەڤگەری ئازادی لە بەردەم ماڵەکەی خۆیدا تیرۆر کرد. ئەم کردەوە تیرۆریستییە لە درێژەی ئەو زنجیرە کردەوە تیرۆریستیانەدایە کە بەشێوەیەکی بەردەم دوبارە دەبنەوە و کەم شارو شارۆچکە هەیە، دەستی تیرۆر پێ نەگەیشتبێت و هەڵسوڕاو چالاکوانی سیاسی، کادر و لایەنگرانی پەکەکە یان نزیک لەپەکەکەی تیا تیرۆر نەکرابێت. بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە دەوڵەتی فاشیستی تورکیا و پیاو کرێگرتەکانی لە هەرێمدا لە پشتی ئەو کردەوە تیرۆریستی و ئینسان کوژییەن. کردەوە تیرۆریستیەکان تادێت گۆڕانیان بەسەردا دێت... ئەگەر پێشوتر لە ڕێگای درۆنەکانەوە کادر و هەڵسوڕاوانی پەکەکە دەکرانە نیشانەو تیرۆر دەکران، ئەوا ئێستا گروپ و باندی تیرۆریستی دەمامک دراو بێ دەمامک لە ناوجەرگەی شار و بازاڕ و گەرەک و بەردەم ماڵەکان کردەوەی تیرۆریستی دەکەن، وە ئەگەر پێشوتر زۆرتر کادر و هەڵسوڕاوانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکی و پەکەکە و یەپەگە تیرۆر دەکران، ئەوا ئێستا هەڵسوڕاو و چالاکوانی حزب و ڕێکخراوی تر تیرۆر دەکرێن کە نزیک لە پەکەکەو ئۆپۆزیسۆنی دەوڵەتی توکیاش نین و گۆڕەپانی هەڵسوڕانیشیان تورکیا نییە... بۆیە چوونە سەری ئەم کردەوە تیرۆریستیانە و جۆری تیرۆرەکان پێشهاتێکی ئێکجار مەترسیدارە و رووی لە پاکتاوکردنی جەسەدی هەموو چالاکوان و هەڵسوڕاوێکی سیاسییە کەنەک تەنها ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەوخۆی تورکیا بێت، بەڵکو ئەو ڕێکخراو لایەنانەش ئەگەر نزیکایەتیەکیان لەگەڵ پەکەکە و یەپەگە هەبێت، چالاکوانەکانیان تیرۆر دەکرێن. دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد کە ڕۆژانە باسی ئارامی و ئاسایش و بەهێزی کوردستان دەکەن، لەبەرامبەر بەو شەپۆلی کوشتارەدا نەک بێدەنگن، بەڵکو بەو هۆیە زۆر سادەیەوە کە دەستی یاسا!! ناگاتە هیچ کام لەو بکوژانەو کەس دەستگیر ناکرێت، ئەو گومانە دەکاتە یەقین کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و پیاوە نۆکەر پیشەکانیان، هاوکار و چاوساغ و تەنانەت جێ بەجێکاری ئەم کردەو ئینسان کوژیەن.



مامۆستا شەماڵ

کاتی ئەوە هاتووە و تەنانەت وەدرەنگ کەوتووە، کە دەبێ هەرچی حزب و لایەنی سیاسی و جەماوەری و هەموو کۆڕو کۆمەڵێکی ئینسان دۆست و ئازادیخواز و هەر کەسایەتیەکە، کە دژی تیرۆر و پشتیوانی لە ئازادی بەیان و بیروباوەو هەڵسوڕانی سیاسی و مافی ئازادی چالاکی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەکەن، لە بەرامبەر بەم ئینسان کوژییە بە نەخشەو بەرنامەیدا بێنە مەیدان و بە نەخشەوە ڕێگاکانی کورتکردنەوەی دەستی تیرۆر بگرنە بەر و دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کورد ناچار بکەن، کە چیتر هاوکاری دەوڵەتەکانی ناوچەکە نەکەن. تیرۆری هەر هەڵسوڕاوێکی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتانی ناوچەکە لە هەرێمدا، ریسوایی و نەنگێکی گەورەیە بە تەوێڵی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە و ئاکامی نۆکەر پیشەیی و خۆشخزمەتی ئەوان و بە وڵاتانی ناوچەکە دەردەخات.

نەک نۆکەرەکانی دەوڵەتی تورکیا، بەڵکو پێویستە خواستی دەستبەجێی چوونە دەرەوەی هەموو بنکەو بارەگای سیاسی و سەربازی و هەواڵگری و قونسولخانەی دەوڵەتی تورکیا و وڵاتانی ناوچەکە ببێتە یەکێک لەمەیدانەکانی خەباتی جەماوەری و سیاسی و هاوکات پاراستنی گیانی هەڵسوڕاو ئازادی چالاکی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتانی ناوچەکە، وەکو مافێکی بێ ئەولاو لەلایەن دەسەڵاتی هەرێمەوە بە فەرمی بناسریت و دەسەڵات پاریزگاری لە ژیان و کار و هەڵسوڕانی سیاسیان بکات.

# کە تۆ بڕیاری کۆیلەبوونت دابێت، ئیدی من شەڕی کام ئازادیت بۆ بکەم؟



نووسینی: شەماڵ بارەوانی

زۆرجار دەگەمە ئەو قەناعەتەی کە ڕەنگە سارتەر نەیپێکابێت کاتێک دەڵێت: ئازادی قەدەری مرۆڤە!

وتەیەک هەیە دەڵێت"کە تۆ بڕیاری کۆیلەبوونت دابێت، ئیدی من شەڕی کام ئازادیت بۆ بکەم؟!" هەر بە جدی خەڵکێک هەیە نایەوێت ئازاد بێت!

مازۆکە و چێژ لە کۆیلەیەتی و پاشکۆیەتی و سێبەربوون و دەبات؟ ڕەنگبێت هەڵەنەکەین گەر بڵێین: کورترین پێناسەی کۆیلەبوون ئەوەیە کە کۆیلەیی: بەرلەوەی کۆیلەبوونی جەستەیی و فیزیکی بێت، کۆیلە، واتای: کۆیلەبوونی فیکر و ڕۆح دەگەیەنێت.

هەڵبەت، کۆیلەبوون و ئازادی دوو چەمکی دژ بەیەکن و هەرگیز پێکەوە کۆنابنەوە.

کۆیلە کێیە؟

کۆیلە: ئەو کەسەیە بیرکردنەوە و ئەقڵی خۆی دەداتە دەست کەسانیتر و لەخۆی نامۆ دەبێت و ڕەسەنێتی خۆی لە دەست دەدات.

کۆیلە ئەو کەسەیە کە مردوێک تەحەکوم بە ژیانیەوە دەکات و فەتوای بۆ دەدات کە چی بخوات و چی نەخوات و چۆن بخەوێت و چۆنیش ڕێبکات و چیش بپۆشێت. کۆیلە هەموو ئەوانەن کە بیرناکەوە و کوێرانە شوێن شتەکان دەکەون.

ئەوە زانیمان کۆیلەبوون چییە و کۆیلە کێیە. ئەی ئازادی چییە و مرۆڤی ئازاد کێیە؟

وتمان: کۆیلەیی، بەرلەوەی کۆیلەبوونی جەستەیی و فیزیکی بێت، کۆیلە واتای: کۆیلەبوونی فیکر و ڕۆح دەگەیەنێت.

بێگومان کەسانێک هەن لە پێناو بیروباوەڕ و پرەنسیپەکانیان، لە پێناو خاک و نەتەوەو مرۆڤ بوون و ئازادی و عیشق و ئامانجەکانیان، دەست و پێیان دەبەسترێتەوە و دەخرێنە کونجی زیندان، تەنانەت جاری وایە، بەرەو مەرگ و بۆ ژێر پەتی سێدارەیش دەبردرێن، وەلێ ئەوان هەرگیز، سل لە ئازادی بوون ناکەنەوە و ڕادەستی کۆیلێتی نابن.

ئاخر ئەوان، ڕاستە بەجەستە زیندانین، وەلێ بە بیرکردنەوە و ڕۆح ئازادن و هەرگیز کەس ناتوانێت بیانکات بە کۆیلەی بیرێکی دەمارگیر و فەلسەفەیەکی شۆڤێنی و شوێنکەوتەی ئایدیۆلۆجیایەکی نەخۆش و مەزهەبێکی نا ئینسانی و ناچارکردنی چوونە ژێر بڕیارێک، کە ویست و حەز و بڕیاری خۆیانی لەسەر نەبێت.

بۆیە ئەو مرۆڤە ڕۆح ئازاد و دەروون ئازاد و ئازاد بیرانە، نە قامچی و لێدان، نەترس و ئەشکەنجە و سێدارە و لە ناو بردن و زیندان و هیچ شتێک و هێزێک، ناتوانێت ئەوان تۆزقاڵێک لە مەبدەئەکانیان پاشگەزبکاتەوە و قانوونی کۆیلێتیان بەسەردا بسەپێنێت و ئازادی هزر و ئازادی دەروون و ڕۆحیان لێ بسەنێتەوە.

ئینجا ئەفسوس، خەڵکێکی هۆشیار نزم و ڕۆشنبیر لاواز هەیە، زۆر هەڵە و لێنگاو قوچ لە چەمکی ئازادی حاڵی بووە.

کاتێک تۆ پێی دەڵێیت: بەڵێ بۆ ئازادی، یان ئازاد بە، یەکسەر پێت دەڵێت: بڕۆ دایک و خوشکەکەت باخۆیان ڕووت و قوت بکەنەوە و ئازاد بن.

ئای لەو گاڵتەجاڕیە!

تۆ بێیت و ئەو چەمکە پیرۆز و مەزنەی ئازادی لە ڕووت و قوتی کورت کەیتەوە و ئازادی بە بەڕەڵایی پێناسە بکەیت و کاتێک منێکی ئازادیخواز و لیبڕالیست باسی ئازادیت بۆ بکەم، یەکسەر تۆ مێشکت بۆ لای جەستەی ژن و سمت و مەمکی کچ و ڕووتی و قوتی و ناوگەڵ و سێکس و ئەو شتانە بڕوات!

ئەزیزم، یەکەم:

سەبارەت بە ئازادی، تۆ بۆ ئەوەی ئازادبیت، سەرەتا دەبێت لە گەورەیی ئازادی تێبگەیت و مینتاڵێنت و مێشکت، جیهانبینی و تێڕوانینت، بیرکردنەوە و تەسەوراتت، لە هەموو پێشداوەری و تێگەیشتنێکی پێشووتر و موحەلەباتی و نا ئەقڵانی و دژە لۆژیک و دژە زانست و وشکباوەڕییەک پاکژکەیتەوە.

خۆت لە هەموو دۆگم و قاڵبێک دابماڵیت و سەراپای وجودت لە ترس و خوڕافە خاڵی کەیتەوە و بێیتەوە سەر سکە ڕەسەکەنەی خۆت"هەموو مرۆڤێک بە ئازادی لە دایک دەبێت". ئینجا، لێنەگەڕێیت چیتر کەس هۆشت بکات بە تۆپ و فتبۆڵێنی پێ بکات.

قبوڵی نەکەیت هیچ کەسێک ئەقڵت لاقە بکات و بتکات بە پاشکۆ و سێبەر و کۆپی خۆی.

ئازادی و ئازادبوون واتا: خۆت بیربکەرەوە، خۆت بڕیار لەسەر ژیانی خۆت بدە و قبوڵی مەکە هیچ مرۆڤێک و هیچ کەسێک لە ژێر هیچ ناوێک و بە بیانوو و پاساوێک، دەست لە ژیانی تایبەتیت وەربدات و لە جیاتی تۆ بیربکاتەوە و بڕیاربدات و یاری بە هەست و ئەقڵ و ویژدان و ژیان و بوونتەوە بکات.

گیانەکەم، تۆ بۆ ئەوەی ئازاد بیت و لە واتای پیرۆزی وشەی ئازادی تێبگەیت، هیچ مەکە، تەنها هەوڵ بدە ئازادبە لە ژیانت، لە هەڵبژاردنەکانت، لە بیرکردنەوە و بڕیاردانت، لە تێڕوانین و تەسەورەکانت. ئازادبە لەوەی چی دەخۆیت و چی دەپۆشیت و چۆن دەژیت و چۆن بیردەکەیتەوە و دەچیتە کامە کافتریا و ناچیتە هیچ پەرستگایەک و حەزت لە چوونە باڕ نییە و دەتەوێ بە ویستی خۆت و دوور لە چاولێکەری ئەم و ئەو لاساییکردنەوەیەکی ناڕۆشنبیرانە و کوێرانە و دەمارگیرانە و (تەبای عامێ دەچمە شامێ)، یان بەهۆی چەقۆی مەزهەب و هەڕەشەی خێزان و ترسی دۆزەخ و لۆمەی کۆمەڵ و سزای باوک و برا، لەچک بکەیت و باوەڕدار و ئایندار، یان سفور و مۆدێرن و، بێ ئایین بیت.

دووەم، ئینجا بۆ ئەوەی کە وتم: هەرکاتێک باسی ئازادی دەکەیت، خەڵێک پێت دەڵێت: دایک و خوشکەکەت با خۆیان ڕووت کەنەوە و ئازاد بن. جارێ ئێوە وەک چۆن لە چەمکی ئازادی حاڵی نەبوون بە مانا حەقیقی و گەردوونی و یۆنیڤێرساڵ و فراوانەکەی و ئازادی تەنها لە جلو بەرگ قەتیس دەکەن (پۆشینی پۆشاک بەو شێوازەی مرۆڤەکە خۆی بڕیاری لەسەردەدات و هەڵی دەبژێرێت، بەشێکە لە ئازادی تاک).

هەڵە نەبم شێرزاد حەسەنە لە وەڵامی ئەو ئیسلامیە سیاسی و نێرسالار و داماوانەی کە ئەخلاق لە پارچە پەڕۆیەک کورت دەکەنەوە و لە ژێر عەبایەکی خەلیجی و بە تێگەیشتنێکی زۆر سادە و بەستەزمانە پێناسەیدەکەن، دەڵێت: ژن، هەموو لەشی بە عەبایش داپۆشێت، ئێوە هەر بەڕووتی دەیبینن! بۆچی؟ چوونکوو پەروەردەیان سەقەتە و لاواز و بێ هێزن و لە بەرامبەر غەریزەی خۆیان و ژن. هەڵە تەلقین دراون و وێنەی ژنیان تەنها وەکو بوکەڵەیەکی جنسی لە مێشکی خۆیان جێگیرکردووە و ئەو جۆرە مرۆڤە لە دەرەنجامی ئەو تێگەیشتنە نزم و خوار و خێچە لە بەرامبەر ژن و ڕەگەزی مێینە (تێگەیشتنێکی نێرسالارانە و مەزهەبیانەو سێکسیانە بۆ ژن) سەرەنجام وایان لێدێت بیر و خەیاڵیان هەر لای سێکس بێت و ژنیش تەنها وەکو ئامێرێکی جنسی و خۆ خاڵی کردنەوە دەبینن، نەک مرۆڤێکی یەکسان وخاوەن ماف و کەسایەتی و ئیرادە.

پاشان بۆئەوەی کەدەڵێن دایک و خوشکتان با خۆیان ڕووتکەنەوە، دووبارە ئەوانە ژن بوون بە کۆیلە بوون حاڵی بوونە.

ئاخر کەسێک کە تەمەنی بوو بە تەمەنی یاسایی و هەژدە ساڵ، منی ئازادیخواز چۆن و بە چ مافێک دێم و دەست لە ژیانی وەردەدەم و بڕیار لەسەر جل و بەرگ، یان سفوری ئەو دەدەم؟! چۆن و بە چ مافێک پێی دەڵێم: تەنورەیەکی کورتی مۆدێڕنانە، یان جبەیەکی خەلیجی کۆنەخوازانە بپۆشە؟!

بۆ ئەو مرۆڤ نییە؟ خاوەن ئازادی و بیرکردنەوە و ئەقڵ و ماف و پێگە و بڕیاردان نییە و لەگەڵ مندا یەکسان نییە؟ خاوەنی جیهانبینی و بۆچوون و کەسایەتی خۆی نییە؟!

سێیەم: ئێمەی ئازادیخواز قەت نەمانگوتووە: ژن باڕووت بێت، بەڵکوو گوتوومان ژن با ئازاد بێت. تاوانی من چییە کە ئێوە فۆبیا و جەهلتان لە بەرامبەر چەمکی ئازادی هەیە و ئازادی و ڕووتیتان لێ تێکەڵ بووە.

پاشان ئەوە ئێوەن، دەتانەوێ ژن هەر کۆیلە و ژێر دەستەو لە ژێر بڕیاری پیاو پاشکۆ وکۆپی پێستی نێر بێت. ژن بە ئەقڵ و جەستە و هەموو شتێکیەوە زیندانی بێت.

دواتر سەرەڕای هەر کەم و کورتیەکیش، هەر ئەوە بەرهەمی ئەو ئازادیەی ئێمەیە، کە ئێوە زۆر ئازادانە لە سایەیدا، ساڵانە و ڕۆژانە و مانگانە، خەریکی فێستیڤاڵی تاجی زێڕین (لەچکی سیاسی) و سەدان چالاکیتری مەزهەبیانە و ئیدەلۆژیانەو ئیسلامگەرایانە و عرووبیانە و لە قاڵبدانی بیر و هۆشی مرۆڤەکان و دژە ئازادی تاکن و دەیان و سەدان ڕۆڵەی کورد و کچی کورد بە هۆی قۆستنەوەی ئەو ئازادیە و فێڵکردن لە چەمکی ئازادییەوە، پۆل پۆل مێشکیان ژاراوی و بۆگەن و کەسایەتیات بە ئیخوان دەکەن و لیباس و جبەی خەلیجیان دەکەنە بەر و لەچکی سیاسیان دەخەنە سەر و کورد بوون و ڕەسەنێتی بوون ومرۆڤ بوون و چەمکی ئازادی و پلوراڵیەت و تولەڕانس لە ناخ و هزر و تێڕوانیان دیلێت و ناشیرین و بە دەعبا دەکەن.

هێشتاش ڕووتان هەیەو دێن و گلەیی لە ئازادی و ئازادیخوازان دەکەن و هێرشمان دەکەنە سەر و لە بەردەم مێگەڵ و خەڵکێکی نا هۆشیار و ڕۆشنبیر لاواز و، دەروێشەکانی خۆتاندا بە هەرتەقە و دێوەزمەمان دەکەن و هێرشمان دەکەنە سەر و پەلامارمان دەدەن. کەچی خۆتان ناتوانن هەزمی سەلمان ڕوشدیەک بکەن و دوو کچ ببێت بە فاشیونیست و مۆدیل و لەچک فڕێ بدات، دەماری داعشبوونتان دەگیرێت و قەڵس...

بۆ لاپەڕە 14



پرسی ژن ؟

بەمەبەستی تاوتوێكردنی بنەماو
هۆكارە سەرەكیەكانی توندوتیژی
و رێگەگرتن و كۆتاییهێنان
بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە،
ئەم تەوەرە تایبەتییەی كردۆتەوە كە
لەهەر ژمارەیەكی دا لە رێگای وتار، دیمانە،
ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و
پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و
یەكسانیخوازانە

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەكر**

# " دادپەروەی لە نێو خێزان و فرەژنی یەکتر ناگرن "

## نوسینی / فەزیلە شۆڕش

بناغە و هەوێنی هاوسەرگیری و خێزانێكی تەندروست خۆشەویستی و دادپەروەرییە، پیاو كە بیرۆكەی ژنهێنان بەسەر ژنی دووەم دەكا، بیرۆكەیەكی ناڕەواو نائینسانییە. بەداخەوە هەندێک پیاو كێشە و بیرۆكەی ژنهێنان بەسەر ژنییان بەچەندین هۆكار بەسەردا زاڵە. بێگومان سنووردارکردنی هێنانی لە یەک ژن زیاتر لە رێگای یاساوە بریارێكی سەردەمیانەیە، پارێزگاری لە مافی ئافرەت و منداڵ و خێزان دەكات، چونكە هەركاتێک كە پیاو بووە خاوەن دوو ژن یان زیاتر دادپەروەری لە پەیوەندی هاوسەرگیری و خێزانیدا نامێنێت، ئەوانەی دەڵێن كە دادپەروەری رەچاو دەكەن ئەمە ریكلامێكی بێسوودە، چونكە تەنیا ئەو ئافرەتەی كە ژنی بەسەرهاتووە لەگەڵ منداڵەكانی هەست بەم نادادپەروەرییە گەورەیە دەكەن.

لە كوردستان یاسای باری كەسێتی تا رادەیەكی باش لە بەرژەوەندی ئافرەت هەمواركراوە، بە یاسا ژن هێنان بەسەر ژن سنووردارکراوە، بەڵام بە داخەوە كەلێنێكی یاسایی هەیە، هەندێک پیاو ئەم كەلێنە یاساییە بۆهێنانی ژنی دووەم بەكاردەهێنن، پێویستە ئەو كەلێنە یاساییە دابخرێ، بۆ نموونە: (لەبەردادگا رەزامەندی هاوسەری یەكەمی لەسەرژنهێانی دووەمی مێردەكەی وەربگیرێ) لێرە لە زۆرحاڵەت پیاو بەلێدان و نان برین و مەسرووف نەكردن هاوسەری یەكەمی ناچار دەكات بۆ رازیبوون، یان (تووشبوونی ژنەكە بە نەخۆشیەكی درێژخایەنی سەلمێنراو كە رێگە لە كاری سەرجێی ژن ومێردایەتی بگرێ) باشە ئەی كاتێک كە پیاو نەخۆشی درێژخایەنی هەبێت و كاری سەرجێی ژن ومێردایەتی پێنەكرێ؟ لێرە كوا مافی ئافرەت؟ یا (ئەو پیاوەی توانای دارایی وای هەبێ كە بەشی بەرێوەبردنی پترلە ژنێک بكات) ئەی ئەوانەی توانای مادییان كەمە؟ لێرە مەبەستم نییە كە پیاوی كەم دەرامەتیش ژنی دووەم بهێنی، بەڵام هەندێک پیاو كە توانای مادی باش بوو ئەم خاڵە زۆر بە ئاسانی بۆهێنانی ژنی دووەم بە كاردەهێنن. لە وڵاتانی ئەوروپا تا دادپەروەری لە خێزان بێتە كایەوە، هێنانی ژنی دووەم بە یاسا قەدەغە كراوە، لە كاتی مارەبرینیش دەبێت ژن وپیاو لە پێش ئەوكەسەی كە مارەیان دەبڕی بە دەنگێكی باش بڵێن و بە ئیمزای هەردووكیان كە پەیمان دەدەنە یەكتر كە هاوسەرگیری یەكتر قبوڵ دەكەن لە كاتە خۆش و ناخۆشیەكانی ژیانیان و لە باشی و خراپی باری ئابوریان و لە نەخۆشی و ساغی هەریەكەیان. تا ئێمەش لە كوردستان دادپەروەری لە خێزان و دروستكردنی خێزانێكی تەندروست باشتر بكەین، بە یاسا ژن بەسەر ژنهێنان زۆر پیویستە یاساغ بكرێت، چونكە دادپەروەری لە نێو خێزان و فرە ژنی یەكتر ناگرن.

# بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

## بەشی دووەم

### کۆمۆنیزمی کرێکاری

بەڵام، نە تەنها ئازادی و یەكسانی، بەڵكو تەنانەت سڕینەوەی چەوسانەوە و چینەكانیش، ئامانجێكی تایبەت بە كۆمۆنیزمی كرێكاری نییە. لە كۆمەڵگەكانی پێشووشدا ئەم ئامانجانە ئاڵای بزووتنەوە جیاجیاكانی چین و توێژە بێبەشەكان بوون. ئەو شتەی كە كۆمۆنیزمی كرێكاری وەكو بزووتنەوە و ئامانجێكی كۆمەڵایەتی لە هەوڵ و كۆششە ئازادیخوازانە و یەكسانیخوازانەكانی پێشوو جیادەكاتەوە ئەوەیە كە كۆمۆنیزمی كرێكاری چ لە ڕووی عەمەلی و كۆمەڵایەتیەوە و چ لە ڕووی ئامانج و فیكرەوە لەبەرامبەر سەرمایەداریدا، واتە پێشكەوتووترین و مۆدێرنترین نیزامی چینایەتیدا، ڕادەوەستێ.

كۆمۆنیزمی كرێكاری بزووتنەوەی پرۆلیتاریایە، ئەو چینەی كە خۆی بەرهەمی سەرهەڵدانی سەرمایەداری و بەرهەمهێنانی مۆدێرنی پیشەسازیە. ئەو چینەی كە لەسەر فرۆشتنی هێزی كاری خۆی دەژی و جگە لە هێزی كاری خۆی ئامرازێكی تر بۆ بەڕێوەچوونی گوزەرانی شك نابات. پرۆلیتاریا كۆیلە نییە، ڕەعییەت نییە، وەستاكار و پیشەوەر نییە، نە موڵكی كەسێكە و نە كۆیلەی كەس، نەخۆیشی خاوەنی ئامرازی كاری خۆیەتی. هەم ئازادە و هەم ناچارە كە هێزی كاری خۆی لە بازاڕدا بە سەرمایە بفرۆشێت. پرۆلیتاریا، بەرهەمی سەرمایەداری و پیشەسازی مۆدێرنە و چینی چەوساوەی سەرەكیە لەم نیزامەدا.

بنەما فیكریەكان و ئامانجی كۆمەڵایەتی كۆمۆنیزمی كرێكاری لەسەر بناغەی ڕەخنە لە پایە ئابوری و كۆمەڵایەتی و فیكریەكانی نیزامی سەرمایەداری دامەزراوە. ڕەخنەیەك لە دیدی چینی كرێكاری كرێگرتەی ئەم كۆمەڵگەیەوە، هەر بەم پێیەش ڕەخنەیەكی حەقیقی و شۆڕشگێڕ. دیدی زەحمەتكێشان و بەرهەمهێنەرانی غەیرە پرۆلیتار بۆ ئازادی و یەكسانی و بەختەوەریی مرۆڤ، چ لەمرۆداو چ لە كۆمەڵگەكانی پێشوودا، بە ناچاری ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندیە كۆمەڵایەتیانەیە كە بەسەر كۆمەڵگە زاڵە، هەروەها ڕەنگدانەوەی جێ وشوێنی خودی ئەوانە لە پەیوەند بە بەرهەمهێنان و خاوەندارێتیەوە. دیدی كۆیلە بۆ ئازادی بە ناچاری زۆر لە هەڵوەشاندنەوەی كۆیلەداری تێناپەڕێت و دركی ڕەعیەت یان پیشەوەری بچووكی شار لە یەكسانی ناتوانێ شتێكی زیاتر لە یەكسانیی لە مافی خاوەندارێتی بێت. بەڵام بە سەرهەڵدانی پرۆلیتاریا وەكو جەماوەری فراوانی بەرهەمهێنەرانی داماڵراو لە هەرجۆرە خاوەندارێتیەكی ئامرازەكانی بەرهەمهێنان، چینێك كە ئەسارەت و چەوسانەوە ئابووریەكەی ڕێك لەسەر بناغەی ئازادییە حقوقیەكەی بنیاتنراوە، ئاسۆی ئازادیخوازی و یەكسانیخوازی لەبنەڕەتەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. پرولیتاریا ناتوانێ ئازاد بێت بێئەوەی كۆمەڵگە بەشێوەیەكی گشتی لە خاوەندارێتی تایبەتی بەسەر ئامرازەكانی بەرهەمهێنان و دابەشبوونی چینایەتی ڕزگار ببێت. یەكسانی مەسەلەیەكی حقوقیی ڕووت نییە، بەڵكو لە هەمان كاتدا و لەبنەڕەتدا ئابووری كۆمەڵایەتیە.

ڕەخنەی پرۆلیتاری لە سەرمایەداری، هەروەها جیهانبینی و خەباتی سیاسی ئازادیخوازانە و ڕزگاریخوازانەی كرێكاری كە نزیكەی دووسەدە بەرلە ئێستا لە شێوەی دیاریكراوی كۆمۆنیزمی كرێكاریدا سەریهەڵدا، بەهۆی ماركسیزمەوە ئینسجام و بەرچاوڕۆشنی و توانایەكی تیۆری مەزنیان بەدەست هێنا. بزووتنەوەی كۆمۆنیزمی كرێكاری بە درێژایی مێژووی خۆی پەیوەندیەكی قووڵ و نەپساوەی لەگەڵ ماركسیزم و ڕەخنەی ماركسیستی لە كۆمەڵگەی سەرمایەداری هەبووە.

كۆمۆنیزمی كرێكاری بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتیە كە بە سەرهەڵدانی سەرمایەداری و چینی كرێكاری كرێگرتە قەوارەی گرت و نوێنەرایەتی گشتیترین و قووڵترین شێوەی ڕەخنە و ناڕەزایەتی چینی كرێكار دەكات لە نیزامی سەرمایەداری و مەینەتیەكانی. ئامانج و بەرنامە عەمەلیەكانی ئەم بزووتنەوەیە لەسەر بناغەی ڕەخنەی ماركسیستی لە بنچینەكانی كۆمەڵگەی سەرمایەداری هاوچەرخ، وەكو ئاخرین و مۆدێرنترین و پێشكەوتووترین شێوەی كۆمەڵگەی چینایەتی، دامەزراوە.

كۆمۆنیزمی كرێكاری بزووتنەوەیەكی دابڕاو لە گشت چینی كرێكار پێك ناهێنێ و بەرژەوەندییەكی جیا لە بەرژەوەندی هەموو چینی كرێكاری نییە. جیاوازی بزووتنەوەی كۆمۆنیزمی كرێكاری لەگەڵ باقی بزووتنەوە و حیزبە كرێكاریەكان لەوەدایە كە یەكەم، لە خەباتی چینایەتی هەر وڵاتێكدا، كۆمۆنیزمی كرێكاری ئاڵای یەكێتی و بەرژەوەندیە هاوبەشەكانی كرێكارانی سەراسەری جیهان بەرزدەكاتەوە، دووەمیش، لە قۆناغ و سەنگەرە جیاجیاكانی خەباتی چینی كرێكاردا، بەرژەوەندی تێكڕای بزووتنەوەی چینی كرێكاری لەبەرچاوە. سەرەنجام كۆمۆنیزمی كرێكاری بزووتنەوەی پێشڕەوترین بەشی چینی كرێكارە كە هەلومەرج و پێداویستیەكانی سەركەوتن و دوا ئامانجی خەباتی چینایەتی بە باشی دەزانێ و لەپێناو هێنانە مەیدانی بەشە جیاجیاكانی چینی كرێكاردا تێدەكۆشێ.

**ماویەتی**

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بلاّوەدەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەلّ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالّح، حەکیم میرزا

## لەڕێگای ڕوخساری وشەوە لەدەرگای سیمای زمان دەدات!

شرۆڤەی شیعر /جەمال نوری




هەموو ڕۆژێ
چەن تالّێ لە
زولفت و چەن لە برژانگ و برۆت
دەناسمەوە،
هەموو ڕۆژێ
بە تۆقەنەیەک لە کولّم و
هەلّتۆقیویی سینەت و
هەلاّوسان و سووری لێوت
ئاشنا دەبم،
هەموو ڕۆژێ
لەسەر ڕیتمێ بە مەیلی دلّ
سەما لەگەلّ بالاّت دەکەم،
هەموو ڕۆژێ
گەر پێبکەنی
ئاورینگێک جەستەم لە وشکبوون
دەپارێزێ،
هەموو شەوێک
گەر بخەوم تەنها تۆ
پالّەوانەکەی خەیالّمیت
کەچی هەر هاوار هاوارمەو دەلّێم
کەی دێیت
بۆ نەهاتی.

**ڕەشـــــــــــــــــــــیـــــــــــــــــــد سیوەیلی**

ئەم شیعرە وەک ئەفسۆنێکە لە پەیڤ و لە موخاتەبەکردنی خودئاگایی شاعیر. ئەتمۆسفێری ئەم شیعرە لە حالّەتی ناخود ئاگایی خۆیدا، پانتایی خەیالّ وموخاتەبەکردنی دیووی ناوەوەی خۆی لەڕێگای وشەوە دایەلۆگی شیعرێکەی لەخۆیدا بەرجەستە کردوە .
دیالۆگی ئەم شیعرە وەک بنەمای گێرانەوەی مێژووی بوونی ئەشقێ وێنا دەکات، لەسەروەختی بەسەرچوونی تەمەنی. ئەو نایەوێ بەهۆی دەم چاویەوە بەکولاّنە تاریک و نوتەکەکانی پەشیمانیدا ڕاگوزەر بێ، بەلّکو

بۆلاپەڕە 14


## مردوەکان گوێ لەگڤەی با دەگرن



لێرە قسە لەگەلّ بادەکەم
وێنە لەگەلّ تەنیایی دەگرم
باران دەخەمە ڕستەوە
باوەش بەئاودا دەکەم
ئاواز بۆڕۆژی قیامەت دادەنێم
لێرە دەبمەوە منالّ و
هەلّماقۆ لەگەلّ مردوەکان دەکەم
لێرە من و خوا لەسەر یەك کورسی
دادەنیشین
پێکەوە قاوە ئەخۆینەوە و
گویێ لەلێدانی دلّی دەریا دەگرین
لێرە من و خوا پێکەوە
گۆرانی دەلّێین
پێکەوە دەریاکان ئاودەدەین
پێکەوە تینوێتی بەفردەشکێنین
پێکەوە بەبێبالّ دەفڕین

لێرە قسە لەگەلّ بادەکەم
بەبەژنوو بالاّی پیرترین مردودا هەلّدەدەم
دەبمە دراوسێی ژنێکی بێ مەمك
بەدزی خواوە دوگمەی ستیانی
گەورە کچێکی هەلّەبجەیی ئەترازێنم
لێرە وەك هەنارەکانی ئەوێ
دەمم پڕدەبێت لەئاو
لێرە قسە لەگەلّ بادەکەم
گۆرانی بۆتەنیایی ئەلّێم
هەرچی ئاوێنە هەیە ئەیشکێنم
پەنجەرەی مزگەوتەکان
بەرد باران دەکەم
بە قەشەکان ئەلّێم
کلّێساکان چۆلّ کەن
لێرەقسە لەگەلّ بادەکەم

**میرزا**



## کورتە چیرۆك

## ”ئەوە بەچی پێئەکەنی؟“

ـ "ئەوە بە چی پێئەکەنی؟"

ـ "وەلاّ بەم شاعیر و ماعیر ونووسەر و شتانە"

ـ "جا چیانە، ماشەللاّ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وەک گەرا ئەترەکێن، شکور میللەتی ئێمە هۆشیارە، هەر ئێمە بە تەنیا بەقەدەر هەموو عالەم شاعیرو شتیوامان هەیە"

ـ "بەلّێ بەلّێ وایە، لە بەعزێ مەملەکەت یەک دکتۆر، بۆی نیە چارەسەر و چاودێری سەد، یان سەدوپەنجا کەس زیاتر بکات، کەچی لای خۆمان هەر یەک کەس، سەدوپەنجا شاعیری بەرەکەوێ"

ـ "وەلاّ خۆ ڕاستیش ئەکەی"

ـ "جا بە هیچ پەست نابم بە شتێک نەبێ"

ـ بە چی؟."

ـ" ئێستا قیسمێکی زۆر لە شاعیران و نووسەران، سەری خۆیان هەلّگرتوە"

ـ نە بابە.. ئەمە کەی.. یەعنی کوردستانیان بەجێهێشت؟"

ـ بەلّێ، ئێستا هەر یەکەیان کچێک یان ژنێک نیشتمانیەتی، ئێ خۆ کابرا کفری نەکرد وتی (ئێستا کچێک نیشتمانمە) دە بزانە چەند شاعیر و تەنانەت نووسەرانیش ئەم قسەیە بە ڕاست و بە چەپا ئەجوونەوە، ژنە شاعیرێک ئەلّێ ئێستا پیاوێک نیشتمانمە، نێرەشاعیرێک ئەلّێ ژنێک نیشتمانمە. کچۆلّەیەک ئەلّێ کوڕێک نیشتمانمە، هەرزەکارانیش ئەلّێن باوەش نیشتمانمانە"

ـ "ئێ.. ئێ.. ئەوانەم بیستوە، جا کەوایە ئێستا کوردستان مساویە بە باوەش"

ـ "یان (ئەی یار) و (جەنابی یار)ی ئەوانی تر، ئێستا سێ بەش و نیوی شاعیرەکان بەکاری ئەهێنن"


ـ "ئەی (دلّی من)ی کابراکەی تر بۆ نالّێی، ئێستا بەعزێکیان ـ دلّی من ـ ئەخەنە کۆتایی هەموو دێڕەکانەوە"

ـ "کەوایە زانیت بە چی پێئەکەنم؟"


ـ "ئا ئا زانیم، خۆ جگە لەوانەش چەندین وشە، دەستەواژە، وێنای شیعری، خەیالّ، بیرۆکە و سەدان ڕستەهای تۆکمە و قایمی دیکەش، بە ڕۆژی نیوەڕۆ لە گیرفانی ئەندێشەی شاعیران و نووسەران دزراون"

**نووسینی: ئارام حەسەن**

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا سالّح




## بەرهەمی نوێی هونەرمەند کاوان قادر



# چەمانەوەی زیاتر یان هەستانەوەی شۆڕشگێڕانە



نووسینی: عبدالرحمن رسول

لەکاتێکدا بەردەوام خەڵکی ناڕازی بەشێوازی جۆراو جۆر لەسەر خیابان و شەقامەکان ناڕەزایەتی بەرامبەر زوڵم و زۆری چەوسانەوە و نایەکسانی ونادادییەکانی دەسەڵاتدارانی ملهوڕی چەوسێنەر نیشان دەدات لە هەمان کاتدا ئەو حزب و ڕێکخراوانەی بانگەوازی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشترو بەختیار دەکەن، بەڵام لەخەوی قوڵی خەوتنیان بەخەبەرنایەن بۆ ڕێکخستنی جەماوەری ناڕازی لەبزوتنەوەیەکی جەماوەری چینایەتی کە خەڵک بتوانێت دەسەڵات وسیستەمی چەوسێنەر بروخێنێت! و دواتر خۆی وەک دەسەڵاتی جەماوەری خەڵک ئیدارەی کۆمەڵگە بەڕێوەبەرێت .

کە سەیری کۆمەڵگە بکەین هەر چەند ساڵ جارێک هێزێکی کۆنەخوازو بۆرژوازی و دژە خەڵکی زۆر بەئاسانی سواری شەپۆلی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ناڕازی و هەژارو چەوساوەی کوردستان و عێراق دەبێت .

هەموو جارێکیش حیزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیست و شیوعی وبەناو چەپەکان خەڵکی ناڕازی بەنا وشیار لەقەڵەم دەدەن، لەکاتێکدا خەڵک قوربانی بەخوێنی خۆی داوە لە بەردەوام بوونی ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانەکانی لەدژی چەوسانەوەو نایەکسانی و جیاوازییەکانی لە ئاستی چینایەتیدا !! هیچ بیانوێک هەڵناگرێت لەکاتێکدا پروپاگەندەی سۆشیالیزم و کۆمەڵگەیەکی باشتر بکەی وەک حیزب، بەڵام دوورە پەرێز بێت لەڕێکخستنی جەماوەری ناڕازی لەبزوتنەوەی جەماوەری چینایەتیدا .

لەوانەیە بڵێن ئێمەش بەشداری خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانمان کردووە، بەڵام خەڵک حیسابمان بۆناکات و گوێڕایەڵی ئێمە وەک پێشڕەوی تێکۆشانەکان نامان بینێت یان هەمیشە هێزەکانی بۆرژوازی خاوەن پارەن بۆ ئاراستەکردنی جەماوەری یان هێزو دەوڵەتی تر لەپشتیانە. خودی ئەم جۆرە بیانو هێنانەوەیە و هێنانەوەی هەر بیانوێکی تر نیشانەی نەبوونی هەستی ئیرادەی ئینسانی تێکۆشانیانە لەڕێکخستنی جەماوەری لەبزوتنەوەی جەماوەری چینایەتیدا کە توانایی هەبوونی شکاندنی تەلسمی هێزی چەمانەوەیان لەبەردەم هێزە بۆرژواو کۆنەخوازو ملهوڕەکانیاندا نییە کە بتوانن لەجیاتی چەمانەوە بەردەوام هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی چینایەتی جەماوەری بنێین و بەرنامەڕێژی بۆ بەرەوپێشبردنی تێکۆشانە جەماوەرییەکانی خەڵکی ناڕازی وەک بزوتنەوەیەکی جەماوەری بکەن.

لەعێراق حیزبی شیوعی عێراقی خۆی بە باڵەکانی کۆنەپارێزی وەک سەدر چەندین ساڵە هەڵدەواسێت و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی کادیرانی وردوخاش وتێکدەشکێنت.

لەکوردستانیش حیزبی شیوعی کوردستان ڕاستەوخۆ دەچەمێتەوە لەبەردەم یاساکانی سیستەمی بنەماڵەیی دا و زۆر دڵخۆش و شاگەشەیە بە وەرگرتنی چەند پۆست و پلەیەکی ڕاوێژکاری بۆ سەرۆکی هەرێم و حکومەت یان هەر ئیمتیازێکی تر، کە لەکاتێکدا هەمان سیستەم و دەسەڵاتی بنەماڵە بەردەوام گەشە بە تێکشکاندنی کەرتە گشتییەکان و خزمەتگوزارە گشتییەکان دەدات و ئیرادەی گەنج و ژن و مرۆڤە بەتەمەن و کرێکارو زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگە وردوخاش دەکات ودەهاڕێت بە کوشتنیان لەنۆرەی وەرگرتنی هەقدەست و یان پێنەدان و دواخستنی هەقدەستەکانی کرێکارو ماموٚستا و فەرمانبەران .

ئەم جۆرە چەمانەوەی حیزبی شیوعی کوردستان لەسەرەوە بۆ خوارەوە بڵاوبۆتەوە و کاریگەرییەکەی ڕۆژ دوا ڕۆژ نەرێنی و سلبی تر ڕەگ دادەکوتێت..

حیزبە کۆمۆنیستی کرێکارییەکان لەکوردستان و عێراق (ئەوان لەئێستا لەژێرناوی چەند ڕێکخراو و حیزبێکدان) ساڵ لەدوای ساڵیش زیاتر پەرترو لێک بڵاوتر دەبن. ئەمەش لەژێر بیانوی جۆراوجۆری ئەوەی کە خۆیان لەبەر پرسیارێتییە سەرەکییەکە بدزنەوە .

هەریەکەیان خۆیان سەرقاڵ کردووە بە کاری گرووپ بەندی یەوە واتە حزب و ڕێکخراوی خۆیان هەر دەڵێی لەجیهانێکی تردا سیاسەت و حیزبایەتی دەکەن، نەک لەعێراق و کوردستاندا، چونکە زۆر لاوازو بێ کاریگەر ڕۆژانی حیزبایەتییان بەڕێ دەکەن، کەئەمەش جۆرێکە لەچەمانەوەیان لەبەردەم یاسا و سیستەمی چەوسێنەرو کۆنەخوازی زاڵبوودا، چونکە کۆمەڵگە پێویستی بەهەنگاوی جەماوەری چینایەتی هەیە کە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان ئاراستەی جۆش و خرۆشی تێکۆشانی جەماوەری چینایەتی بکرێت، لەهەمان کاتدا ئەم جۆرە حیزبانە لەخەوی قوڵی گۆشەگیری دا بەخەبەر نەهاتوون بەدەنگی زوڵاڵی مناڵان وگەنجان وژن و پیاوانی کرێکاروزەحمەتکێشی سەر شەقامەکان .

ئەم تێکۆشانە جەماوەرییە چینایەتییە بەتەنها بەوە سەرکەوتوو نابێت کە کادیرەکانی حیزبێک بەشداری خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان بکات، بەڵکو ئەرکی گەورەتریان لەسەر شانە کە پێویستە هەنگاوی بۆ بنێیت بەکرداری بۆ هێنانەکایەوەی بزوتنەوەیەکی جەماوەری چینایەتی کە خەڵک لەچوارچێوەی بزوتنەوەیەکی ڕادیکاڵی جەماوەری دا ڕێکخراو بکرێت .

پێویستە ئەرکە پێویستییەکە کاری لەسەربکرێت کە ڕێکخستنی جەماوەری ناڕازییە لەچوارچێوەیەکی تێکۆشانێکی جەماوەری یەکگرتوویدا کە بۆئەمەشیان ڕاستەوخۆ هەموو ئەوانە کەم تەرخەمن کە پروپاگەندەی حیزبی و ڕێکخراوەیی کۆمۆنیستی و شیوعی وچەپبوون و ئازادیخوازی بۆ کۆمەڵگە دەکەن. خەڵکی ناڕازی بەدەنگ هاتووە لەدژی نادادی وچەوسانەوە، بەڵام تائێستا خاوەن حیزبە کۆمۆنیست و شیوعییەکان لەخەڵوەتی بیرکردنەوەی تەسکی حیزبیان بەخەبەر نەهاتوون!! هەروەک خەنجەری ناوکەلانی کابرایی ژێرکەوتوو کەلێیان پرسی ئەو خەنجەرە چییە پێتە گوتی بۆ ڕۆژی لێ قەومانێ، بەڵام خۆشی لەژێرەوە بوو ئەمەش هەروەک حیزبە کۆمۆنیست وشیوعییەکان .

ئاخر چۆن دەبێت ئێمە کۆمۆنیست و شیوعییەکان کەخاوەنی جوانترین و پاکترین فکرو بیروباوەڕو بەرنامەی ئینسانی بین بۆئیدارەدانی کۆمەڵگە، بەڵام لێگەڕێن گەنجان ولاوان و کرێکارو زەحمەتکێشان لەلایەن هێزە کۆنەخوازو بۆرژواکانەوە ئاراستە بکرێن و دواتریش بەئاسانی بکرێنە قوربانی .

نابێت چیتر ڕێگا بدەین بە بەردەوامی درێژەدانی ئەم ملهوڕی و چەوسانەوەیە، بزوتنەوەی جەماوەری چینایەتی تاکە ڕێگای ڕزگارییە بۆڕامالێن و کۆتاییهێنانی دەسەڵاتی زاڵم وچەوسێنەران .

سەرکەوتووبێت تێکۆشانی هاوپشتی ویەکگرتووانە بۆ هێنانەکایەوەی بزوتنەوەیەکی جەماوەری چینایەتی لە کوردستان لەپێناوی ڕامالێنی دزو چەوسێنەرو گەندەڵکاران و دواتر بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە ڕاستەوخۆ لەلایەن خودی خەڵکەوە .

تێکۆشان بۆ هێنانەدی نان کار ئازادی ئیدارەدانی شورایی زامنی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی نوێ ترو باشترە...

## کۆمەڵگەی ئازادی کۆمۆنیستی کە لەسەر بناغەی هاوبەشی هەمووان لەسەروەت و سامانی کۆمەڵگە، دامەزراوە...هەر ئەمڕۆ دەکرێ پیادە بکرێ...



# ئیدریس مستەفا: تەنها ترس گەر ئێران و تورکیا لەسەر هەرێم بۆیان دروست ببێ هاتنە سەرکاری دەسەڵاتێکی تری جیا لە یەکێتی و پارتیە..

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز ئیدریس مستەفا شرۆڤەکاری سیاسی سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی....

**بۆپێشەوە: هاوکات لەگەڵ گوشارەکانی بەغدا بۆسەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، هیرشی سەربازی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێم زیاتری کردووە، هەروەها ئێران ناوە ناوە لەڕیگای موشەک هاویشتنەوە بۆ هەولێر و دەوروبەری گوشارەکانی زۆرتر بووە، هۆکاری زیادبوون و فراوانبوونی گوشارەکانی تورکیاو ئیران بۆسەر هەرێم چییە؟**

**ئیدریس مستەفا:** هەر دەستێوەردانێکی وڵاتانی دەوربەر بۆ ناوخۆی هەرێم زۆرتر پەیوەندی بە هاوکیشە سیاسیە ناوچەییەکانی خودی ئەو وڵاتانەوە هەیە، چونکە هەرێم بە هیچ شێوەیەک مەترسی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانی بۆسەر ئەوان نییە. سیاسەتی پاوانخوازی تورکیا هەر بە تەنها رووی لە هەرێمی کوردستان نیە، بەڵکو لە هەموو شوێنە نزیک و دوورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی قەوقاز و بەڵکان و تەنانەت باکوری ئەفریقیاش وەک لیبیا. زیندووکردنەوەی پەیماننامەی لۆزان بیانووە. ئەو باس لە ناوچەی کرایمیە/قرم دەکات کە روسیایە جا ناوچەی موسڵ چیە گەر بیانەوێ باسی بکەن. بوونی فراوانی سەربازی تورکیا لە هەرێم و داگیرکردنی ناوچەیەکی بەرفراوانی سوریا لە باکوری خۆرئاوای سوریا وەک ناوچەی حەلەب و عەزاز و دواتر ئەگەری کەوتنی رۆژئاڤاش لەسەر دەستی تورکیا و ناوە ناوە بوردومانی فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا لە زۆنی سەوز بە تایبەت ناوچەی شارباژێری سەر بە سلێمانی کە نفوزی راستەوخۆی کۆماری ئیسلامیە، نیگەرانی جدی بۆ ئێران دروست کردووە. جا بۆیە هێرشی ناوەناوەی موشەکیەکانی ئێران دوورونزیک پەیوەندی بە بوونی مۆسادی ئیسرائیلیەوە نییە لە هەرێم، وەک دەڵێن، ئەگەرنا گەورەترین بنکەی مۆساد لە ئازەربایجان هەیە ئەی بۆ ئەوێ بۆردومان ناکات. "پرۆکسی وار" جگە لەوەی چەمکێکی سیاسیە و بە مانای شەڕی بە وەکالەت دێت یەکێکە لە سیاسەتە دەرەکیە سەرەکیەکانی وڵاتە ئیمپریالیستی و پاوانخوازەکان. هەر وەک چۆن ئەمریکا و روسیا شوێنێک لە دەرەوەی جوگرافیای خۆیان دەکەن بە گۆڕەپانی ساغ کردنەوەی سیاسەت و کێشمەکێشەکانی خۆیان ئاوهاش تورکیا و ئێران وەک دوو وڵاتی گەورەی ناوچەکە وڵاتانی تەنیشت خۆیان دەکەن بە شوێنی ململانێکانی خۆیان و هەر یەکەشیان هێزی بە وەکالەتی خۆیان هەیە و هەر کات بیانەوێ بەکاریان دەهێنن.

> **من دەلێم کە ئەو بۆرجوازیە کوردەی راستەوخۆ دەسەلاتدارە یاخود راستەوخۆ لە بازنەی دەسەلاتدارێتیەکەدایە بۆیان گرنگ نیە یاخود نازانن مەترسیەکان چین و چۆن و لە کوێوە دێن و هەمچ کات جێیان پێ لێژ کرا ئەوا باروبارگەیان لێکدەنێن و هەڵدێن بەرەو وڵاتانی تر...**

**بۆپێشەوە: هەلومەرجی سیاسی کوردستان تادێت بەرەو خراپی دەچێت، لە نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکانەوە تا دەگاتە بەرپرسە سیاسییەکانی بۆرژوازی کورد، ئاماژە بەزیادبوونی مەترسییەکانی سەر هەرێم دەکەن، ئێوە لەو بارەیەوە دەڵین چی و تا چەندە مەترسی سیاسی لەسەر هەرێم هەیە؟**

**ئیدریس مستەفا:** دیارترین مەترسی کە وڵاتانی دەوروبەر لەسەر هەرێم هەیان بوو لە سەرەتای دروستبوونی قەوارەکەوە ئەوە بوو گەر ببێتە هەستەیەکی نەتەوەیی کوردی بۆ بەشەکانی تری کوردستان لە ناوچەکەدا. هەر زوو دەرکەوت ئەرک و کاری هەرێم کوشتنی ئەو هەستەیە بوو. کەواتە مەترسی تورکیا و ئێران لە کاریگەری هەرێم بە هیچ کلۆجێک بوونی نییە و بگرە هەرێم دڵنەواییەکە بۆ رەواندنەوەی مەترسیە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی ئەو دوو وڵاتە. یاخی بوونی پارتی لە سیاسەتە ناوخۆییەکانی عێراق و گەمەکردنی لە نیوان باڵە شیعی و سوونەکاندا و مەسەلەی هەناردەکردنی نەوت و گاز کە روسیای پێ دەهری دەبێ و نزیکبوونەوەی هەریم لە تورکیا و ئێران و کاڵبوونەوەی نفوزی غەرب لە عێراق و دواتر کوردستان ئەو نیگەرانیانەن کە ئەوروپا و ئەمریکا لە زمانی بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەری دەبڕن گوایە هەرێم مەترسی لەسەرە و نموونەکانیش زۆرن کە هاوڕێیەتی غەربیان لە دەستدا یاخود بوونە قوربانیەکانی سیاسەتە ئیمپریالیەکانی ئەمریکا وەک ئەفغانستانی ئەشرەف غەنیەکان و یوکراین. ئەگەرنا، هەرێم مەترسی نییە بۆ سەر هیچ یەکێک لە وڵاتانی دەوربەر و بگرە هێندەی سودی هەس بۆیان گەر خودی خۆیان بەرنامە رێژیان بۆ بکردایە لەوانەبوو سەد ساڵی تر پێی بگەیشتنایە. ئەو وازیە سیاسیەش لە ناو عێراقدا دەیکات ئەوە تەنها بۆ ئیسپات وجودی سیاسی و دەستکەوتی مادی و شەخسی و حزبیە.

> **کاتێك دەسەڵاتێك بە مانا سیاسی و قانونی و دەزگا دەوڵەتی و پرەنسیپە دیموکراسیەکانی بوونی نەبێ قسەکردن لەسەر ئۆپۆزسیۆن بوون وەك کوتانی ئاسنی سارد وایە. لەم روانگەیەوە کە ئۆپۆزسیۆن بوون بوونی نییە و ئەوەی نمایشکرا لە بزووتنەوەی گۆڕان و وا ئیستاکەش نەوەی نوێ لە گۆڕێدایە هیچ نین جگە لە بەشێك لەو کارەساتی دەسەڵات و کۆمیدیای ئۆپۆزسیۆنەی لە هەرێم هەیە...**

**بۆپێشەوە: لە نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکانەوە تا دەگاتە لێدوانی بەرپرسانی هەرێم، هۆکاری هەرەشەکان بۆ سەر هەرێم دەگێڕنەوە بۆ ناتەبایی نێوان پارتی و یەکیتی و حزبە کوردیەکان بەگشتی و دوو ئیدارەیی و دوو هێزی پێشمەرگە....تاد، لەبارەیەوە دەڵێن چی؟**

**ئیدریس مستەفا:** یەکەم، ئەو خاڵە تا رادەیەک راستە بەتایبەت کە قسەکەرە نێوودەولەتیەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان لە بنەرەتدا کەسانی سەر بە دەزگا حکومی و ئاسایش و تەنانەت سیخوڕیەکانی وڵاتانی خۆیانن بە تایبەت ئەمریکا. بۆیە هەر لە خۆیانەوە قسە فڕێ نادەن. نموونەی ئەفغانستان ترسێکی گەورەی لای دەسەڵاتدارانی هەریم دروست کرد و لە سۆشیال میدیادا بوو بە بابەتێکی گرنگ کە ئایا هەرێم بە دەردی ئەفغانستان دەچێت یان نا. زۆربەی ئاماژەکان ئەوە بوو کە هەریم زیاتر نییە لە ئەفغانستان و بگرە ئاسانتریشە دەستبەرداری ببن. نابێ لە یادمان بچێت کە دەستبەردار بوونی ئەمریکا لە ئەفغانستان هەر تەنها شکستی سیاسەتی ئەمریکا نەبوو، بەڵکو شکستی ئیداری و سیاسی دەسەلاتدارانی سیاسی ئەفغانستان کە جگە لە کاربەدەستان و دەسەلاتێکی گەندەڵی تا بیناقاقای وەک هەرێم هیچی تر نەبوون کە وای لەو وڵاتە کردبوو هیچ مۆرک و ماک و رەگەزێکی مانەوەی تیدا بمێنێت. گەندەڵی بوونی ئەو دەسەلاتدارانەی ئەمریکا وغەرب پشتیوانیان لێدەکەن، یەکێکە لە خاسیەتەکانی ئەو وڵاتە، بەڵام رێژەکەی لە ئەفغانستان و هەرێم ئەوەندە بەرزە کە خودی ئەمریکاش لێی بێزارە بەو مانایەی کە خودی دەسەلاتەکەی هێندە فشەڵ کردووە کە هەر یەکەیان ببێتە دەسکەلای دەستی وڵاتێکی ناوچەکە و ئەمریکایان لە یاد نەمێنێ. قسەوباسی لێکچواندنی هەرێم بە ئەفغانستان هێندە گەرم بوو لە نیوەندی سیاسی ئێمەدا گەیشتە ئەو رادەیەی کە مەسعود بەرزانی بەیاننامەیەکی تایبەتی لەو بارەیەوە دەرکرد.

دیارە گەر لە بری ئەو دوو ئیدارەییە و دوو ناوچە سیاسیە هێزێکی یەکدەست و تەبا بوونی هەبا لە هەرێم ئەوا هەم بۆ ئەوان، رۆژئاواییەکان، و هەم بۆ کوردیش باش دەبوو. باشی بۆ رۆژئاواییەکان ئەوە بوو کە دەیانتوانی بۆ هەر کارێک رایبسپێرن، وەک قەوارەیەکی هاری نموونەکاری غەربی ترسیان لێی نەبێ، بەڵام بەهۆی ئەو دوو زۆنی و دوو دەسەڵاتدارێتیەوە نەیانتوانی ببنە جێ متمانەی ئەمریکا و ئەوروپا، بەڵکو بوونە دوو دەستکەلای تەواوی دەستی تورکیا و ئێران و کەمتر گوێ لە مستی رۆژئاواییەکان ببن لەسەر ئەرزی واقع. بەمەش ئەو پشتیوانیە سیاسیە نێودەوڵەتیە غەربیەیان لە دەست خۆیاندا وەک رووداوی ریفراندۆمەکە. بۆ کورد باش دەبوو گەر هیزێکی سیاسی لە قەوارەیەکی یەکدەستدا هەبوایە تاکو خەڵک بیتوانیایە هەر قسەیەکی هەبوایە ئاراستەی بکات. بۆ نموونە لە باشوری عێراق بەغداد تەنها شوێنە کە چ نێوەندی سیاسی و چ خەڵکەکەی بە هەموو تیرە و ئاینزاکانیەوە رووی تیدەکەن بۆ هەر شتێک بێت، بەڵام لە هەرێم شوێنیکی ئاوها نییە. هەولێر هی پارتیە و سلێمانی هی یەکێتی و هەر شوێنە حزبی دەسەلاتدار و سەرۆک و دەستڕۆیشتوویی خۆی هەیە. دووەم، سەرباری ئەوەی ئاماژەمان پێدا کە هەرێم هیچ مەترسیەکی نیە بۆ سەر ولاتانی دەوروبەر، بەڵام خودی قەوارەکە بە ناو و ناسنامە نەتەوەییەکەیەوە کە هەردەم جێگەی نیگەرانی وڵاتانی دەوروبەرە وا لە ولاتانی دراوسێ دەکات هەرێم بە هەڕەشەیەکی سروشتی ببینن لەسەر خۆیان بەهۆی بوونی پارچەکانی تری کوردستان لە جوگرافیای وڵاتەکانی خۆیاندا. تەنها ترس گەر ئێران و تورکیا لەسەر هەرێم بۆیان دروست ببێ هاتنە سەرکاری دەسەڵاتێکی تری جیا لە یەکێتی و پارتیە. هەرچەندە ئەمە ئەگەر ئەمەش زەحمەت بێ لە ئێستادا و بگرە بۆ ئایندەیەکی دووریش، بەڵام ئەستەم نیە و هەموو شتێکیش لە دنیای سیاسەتدا چاوەڕوان دەکرێ. بۆ نموونە دەبێ باوەڕ بهێنین کە دەکرێ لە هاوینی دنیای سیاسەتدا بەفر بباریَ. هەرێم هەموو ئەو رەگەزانەی تیدایە کە خودی خۆی ئاڵوگۆڕی سیاسی گەورە دروست بکات لە ناوخۆی خۆیدا ئەمە جگە لەوەی ئاڵوگۆرە جیهانی و ناوچەییەکان هەردەم ئامادەن بۆ کاریگەری دانان لەسەر دنیای سیاسی هەرێم.

**بۆپێشەوە: زۆر بوونی مەترسیەکان بۆسەر هەرێم، رووی لە دەسەڵاتی حزبە**

**بۆرژوازیەکانی کوردە، یان رووی لە خەڵکی کوردستانە؟**

**ئیدریس مستەفا:** دەتوانم بڵێم لەسەر هەردووکیان، بەڵام زۆرتر لەسەر خەڵکی کورستانە. ئەو نەتەوانەی قەوارەیەکی نیمچە -دەوڵەتیان بۆ دروست بووە کە لە زانستی سیاسیدا پێی دەوترێ کوەیسی-ستەیت، وەک فەلەستین و هەرێمی کوردستان و بگرە هەموو ئەو دەسەڵاتانەشی لە دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە بە هاوکاری ئەمریکا و ئەوروپا دروست بوون یان هاتنە سەرکار چینە بۆرجوازیەکەی خاسیەتێکیان هەیە کە جیایە لە هەموو چینە بۆرژوازیەکانی تری ناوچەکە و دنیا. خاسیەتێکە خاڵیە لە هەر ڕێبازێکی نیشتمانی و وتارێکی نەتەوەیی و تەواو تەداروک کراوە بە دەسەڵاتە سیاسیە چەکداری و عەشیرەگەرێتیەکەوە. تەنانەت خاڵیە لە ماهیەتە چینایەتیە مێژووییەکەی خۆیشی. لە ئەفغانستانی دوای حوکمی کۆمۆنیستی نەجیب اللەوە تا دەگات بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک هەرێمی کوردستان و فەلەستین و؛ وڵاتە تازە دەرکەووەکانی ناوچەی بەڵکان جۆرە بۆرژوازیەکی بەرهەمهێناوە کە خاوەن نە ئایدۆلۆجیایەکی قەومی و نیشتمانیە و نە دەستی گرتووە بە میتۆدێکی کاپیتاڵستیەوە کە داهاتە نیشتمانیەکان ئاڵوگۆڕ پێ بدات بە بەها و بەرهەمهێنانەکان کە ئابوری وڵاتی لەسەر بونیاد دەنرێت؛ و تەنها خەم و کوشش کە هەیبێ کۆکردنەوەی پارەیە و بەس ئەویش لە فرۆشتنی سامانی وڵات و باج دانان و تەنانەت کۆمەکە جیهانیەکانیش. ئەم جۆرە بورجوازیە نە لە سەرمایە تێدەگات وەک بەرهەمهێنان لە پیشەسازی و تەکنۆلۆجی و توانا مرۆییەکان؛ و نە لە بەهای زێدەبایی تیدەگات کە قورگی سیستەمی سەرمایەداری مالیە. ئەم جۆرە بۆرجوازیە لە جیاتی ئەوەی داهاتەکان لە بەرهەمهێنانی ناوخۆدا بخاتە گەڕ دەینێرێتە دنیای دەرەوەی خۆی بۆ دانان یاخود قازانج کردن لە سیستەمی بانکی وڵاتان و کڕینی موڵک و ماڵ. محەمەد حەسەنەین هەیکەل لەسەر عێراق قسەیەکی زۆر جوان دەکات کە بێگومان هەرێمیش دەگرێتەوە بێ یەک و دوو؛ دەڵێت عێراق بانکێکە و کۆمەڵێ تاڵانچی و دزوجەردە لەسەری دانیشتوون کە فڕیان نە بەسەر سیاسەت و نە ئیدارەی وڵات و نە دەولەتەوە هەیە. لێرەوەیە من دەڵێم کە ئەو بۆرجوازیە کوردەی راستەوخۆ دەسەلاتدارە یاخود راستەوخۆ لە بازنەی دەسەلاتدارێتیەکەدایە بۆیان گرنگ نیە یاخود نازانن مەترسییەکان چین و چۆن و لە کوێوە دێن و هەچ کات جێیان پێ لێژ کرا ئەوا باروبارگەیان لێکدەنێن و هەڵدێن بەرەو وڵاتانی تر.

ئەوەندەی بە مەترسیەکانی خەڵک بگەڕێتەوە ئەوەیە کە ئەو هەرێمە بەرهەمی راپەڕێن و کۆشش و مەینەتیەکانی چەندان ساڵەی خەڵکی کوردستانە بۆ رزگاربوون لە ستەمی نەتەوەیی و نەمانی گەڕانەوەیەکی تراجیدیا ئاسا دەبێ بۆ سی و یەک ساڵ پێش ئێستا.

ئێمە شاهیدی ئەوەشین کە بەهۆی تورەبونێکی لە رادەبەری خەڵکەوە لەو دەسەلاتە ئیستا مەیلێک لە ناو خەڵکدا پەیدابووە کە خۆشحاڵن یاخود داوای نەمانی قەوارەی هەرێم دەکەن وەک ئەوەی ئەو قەوارەیە ماڵی یەکێتی و پارتی بێت و بەس، لە کاتێکدا ئەو حزبانە سواری سەری ئەو دەستکەوتە گەورەی خەڵک بوون. بۆیە گەر ئەو هەرێمە بەرەو فەوتان بچی ئەوا زەرەرێکی سیاسی و روحی و مەعنەری و مێژوویی نەتەوەیی و نیشتمانی گەورە لە خەڵکی کوردستان دەکەوێت و لەوانەبێ دووبارە بکەوێتەوە عەودالی مافە کەلتوری و فەرهەنگیەکان؛ ئەوە سیاسیەکان هەر باسی مەکە چی لێ بەسەر دێت.

**بۆپێشەوە: ململانێی نێو "ماڵی شیعی" چ کاریگەرییەکی لەسەر ئایندەی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

**ئیدریس مستەفا:** بەو دۆخەوەی لە دوای ٢٠٠٣ ەوە دروست بووە شیعە بۆتە کاراکتەری سیاسی یەکەمی عێراق و کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر هەر رەوشێکی سیاسی دەبێ چ لە ئیستاکانێ و چ لە ئایندەدا. بوونی ئێران وەک بلۆکێکی گەورەی شیعەی جیهانی و دراوسێی یەکەمی عێراق کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی شیعە مەزهەبن ئەو کاریگەریەی زیاتر و زیاتر کردووە بە تایبەت سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکە روو لە داکشانە و ئەمەش رێگەی خۆش کردووە بۆ ئێران کە راستەوخۆ دەست وەربداتە ورد و درشتی نەک هەر ناو ماڵی شیعە، بەڵکو کوردیش کە لەرووی مەزهەبەوە بە سوننە حساب دەکرێن. باڵە جیاوازیەکانی ناو ماڵی شیعە خلافێکە تەنها پەیوەستە بە خۆیانەوە و ئێران قسەی یەکەمی دەبێ لەو ماڵەدا بە موقتەدا سەدریشەوە کە هەندێ جار یاخی دەبێ لێی یاخود وەک دەڵێن مەیلی بەلای سعودیە و ئەمریکادا هەیە. ئەم هێزە ئاینزایە لە بەرامبەر کورددا بریتیە لەو هێزە عەرەبیە قەومیەی کە لەوەتەی عێراق دروست بووە لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردووەوە تاکو ئیستا حوکمی شۆڤێنیستانەی خۆی دەکات. گەر لە دەورانی رابردووی سیاسی عێراقدا سوننە بە پشتیوانی ولاتانی تری عەرەبی سەرکوتی مافە نەتەوەییەکانی کوردیان کردبێ ئەوا شیعە خراپتر لەو سەرکوتە بەردەوام دەبێت بە تایبەت لە دوو ئاستدا زۆرتر دوژمنکارانەتر بەرامبەر کورد دەردەکەون، یەکێکیان رەگەزیە و ئەوی دیان ئاینزاییە.

> ئێمە نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە یەکەمین هیزی ئۆپۆزسیۆن بە مانای ناڕازی بوون لە سیاسەتی دەسەلاتداریێتی لە کوردستاندا کۆمۆنیستەکانی دەیەی نەوەدەکان بوون. لەو دەمەدا هیچ یەکێك لەو حزبە گەورە و بچوکانە نارازی سیاسی نەبوون بەرامبەر بە قودرەتی یەکێتی و پارتی، بەڵکو ئەوەی هەبوو تەنها کۆمۆنیستەکان و بەرەی چەپ بوون کە راستەوخۆ دژ بە سیاسەتەکانی ئەو دەمانەی یەکێتی و پارتی بوون کە کەم کەس و لایەن دەیانتوانی بە ئاشکرا دەنگ هەڵبڕن...

**بۆپێشەوە: لەهەلومەرجی سیاسی کوردستاندا، چۆن دەروانە رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بەتایبەت نەوەی نوێ؟**

**ئیدریس مستەفا:** کاتێک دەسەڵاتێک بە مانا سیاسی و قانونی و دەزگا دەوڵەتی و پرەنسیپە دیموکراسیەکانی بوونی نەبێ قسەکردن لەسەر ئۆپۆزسیۆن بوون وەک کوتانی ئاسنی سارد وایە. لەم روانگەیەوە کە ئۆپۆزسیۆن بوون بوونی نییە و ئەوەی نمایشکرا لە بزووتنەوەی گۆڕان و وا ئیستاکەش نەوەی نوێ لە گۆڕێدایە هیچ نین جگە لە بەشێک لەو کارەساتی دەسەڵات و کۆمیدیای ئۆپۆزسیۆنەی لە هەرێم هەیە.

ئەگەر ناچار بکرێین بە باسوخواس لەسەر ئۆپۆزسیۆن بوون ئەوا ئێمە نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە یەکەمین هیزی ئۆپۆزسیۆن بە مانای ناڕازی بوون لە سیاسەتی دەسەلاتدارێتی لە کوردستاندا کۆمۆنیستەکانی دەیەی نەوەدەکان بوون. لەو دەمەدا هیچ یەکێک لەو حزبە گەورە و بچوکانە نارازی سیاسی نەبوون بەرامبەر بە قودرەتی یەکێتی و پارتی، بەڵکو ئەوەی هەبوو تەنها کۆمۆنیستەکان و بەرەی چەپ بوون کە راستەوخۆ دژ بە سیاسەتەکانی ئەو دەمانەی یەکێتی و پارتی بوون کە کەم کەس و لایەن دەیانتوانی بە ئاشکرا دەنگ هەڵبڕن. جا چەندە کاریگەری ئەو جۆرە ئۆپۆزسیۆنە هەبووبێ یاخود تا چەند کارکردی لەسەر رەوتی سیاسی هەریم دانابێ ئەوە بابەتێکی ترە، بەڵام وەک مێژوو ئەوە گومان هەڵناگرێ کە کۆمۆنیستەکان یەکەمین هیزی ئۆپۆزسیۆن بوون لە کوردستان.

> نەوەی نوێ نەك هەر هەمان ڤێرژنی گۆڕانە، بەڵکو ڤێرژنێکی پڕ ڤایرۆسی وەهایە کە کۆمەڵگە بەرەو وێرانەیی تر دەبات و دەسەڵاتەکەش بەرەو بەهێزتر....

مانایەکی تر لە ئۆپۆزسیۆن بوون ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنی ئێستا بە لیستەوەیە نەک قەوارەیەکی سیاسی خاوەن بەرنامە و ئایدیۆلۆجیا و گوتاری سیاسی نەتەوەیی و نیشتمانی هەر بۆیە دەرکەوتنیان هەم مەهزەلەیە وکۆمیدیایە و هەم تراجیدیاش. کۆمیدیایە کە لە خودی دەسەڵاتەکە وێرانترە لە گەندەڵی و رابردووی سیاسی. تراجیدیایە کە خۆی دەکات بە نوێنەری بەش خوراوان و مەحرومانی سیاسی و خەڵکیش دەنگی پێ دەدەن. گۆڕان جگە لە بەرنامەیەکی نەوشیروان مستەفا بۆ پایەکانی حکومەت بەڕێوەبردن هیچ نەبوو جگە لە لیستێک، بەڵام لیستێک کە هەر لە چێشتی مجێور دەچوو. نەوەی نوێ نەک هەر هەمان ڤێرژنی گۆڕانە بەڵکو ڤێرژنێکی پڕ ڤایرۆسی وەهایە کە کۆمەڵگە بەرەو وێرانەیی تر دەبات و دەسەڵاتەکەش بەرەو بەهیزتر. بۆیە نەوەی نوێ نەک هەر ناتوانرێ بە هێزێکی سیاسی و دووبارە بوونەوەیەکی تری بزووتنەوەی گۆڕان دابنرێ، بەڵکو شەرمێکە لە دنیای سیاسی کوردی ئێمەدا کە چینی دەسەڵاتداری سیاسی و بۆرجوازی پێشکەشی خەڵکی دەکات. مەسەلەکەش تەنها گۆڕینی دەم و چاوەکانە نەک بۆ لە جێگەدانان، بەڵکو بۆ تێکدانی بینینی چاوانی خەڵک لە دروست دیتنی دۆخە سیاسیە چینایەتیەکە.

**بۆپێشەوە: لە ڕوانگەی ئیوەوە زامنی ئایندەیەکی باش بۆ خەڵکی کوردستان چییە و چۆن بەدی دێت؟**

**ئیدریس مستەفا:** بە داخەوە ئەوە دەڵێم کە من هیچ ئایندەیەکی باش نابینم بۆ خەڵکی کوردستان چ لە ئیستا و چ لە ئایندەیەکی نزیکدا. تەنها زامن ئەوەیە کە خەڵکی خۆی چارەنوسی خۆی بە دەستی خۆی دیاری بکات ئەویش بە وجودی حزبێک و رێکخراویکی سیاسی پێشڕەو و جەماوەری مەیسەر دەبێ. لە ئێستاشدا نە حزبێک و نە رێکخراوێکی ئاوها بوونی نییە. گۆڕان و نەوەی نوێ یاخود ئەو قەوارەیەی بەرهەم سالح کە دەستبەرداری بوو ئەوانە جگە لەوەی ماهیەتی چینایەتیان دیارە کە سەر بە چینە دەسەڵاتدارە سیاسیەکەی هەرێمەکەن، قەوارەی سیاسی و رێکخراوی سیاسی نین، بەڵکو لیستی پەرلەمانیین کە بێ ماناترین بزاوتی سیاسی و جەماوەرین لە دونیای رامیاری ئێمەدا.

دیارە من هەرگیز باوەڕم بەو دیدە نائومێداکارانەیە نییە گوایە خەڵک خەسێنراوە و گەندەڵ بووە و ئەم دەسەڵاتە تەواو هەموو ماسولکەکانی کۆمەڵگەی تێکشکاندووە یاخود پشتیوانی دەکرێ لە لایەن هەر دوو وڵاتی تورکیا و ئێرانەوە، هاوشانی ئەم دیدە رەشبینگەراییە شەپۆلی نارەزایی و راپەڕین لە کوردستان لەوپەڕی ئەوجی خۆیدایە و گەر رێکخراوێکی سیاسی پێشڕەو هەبوایە ئەوا ئایندەی کوردستانی بەرەو ئاراستەیەکی تر دەبرد. دیارە من لێرەدا مەبەستم لەوە نییە هەرێمێکی سۆشیالیستی یان قەوارەیەکی کۆمۆنیستی دابمەزرێ، بەڵکو قسە لەسەر لانی کەمی هیزێکی سیاسیە کە بتوانێ ئیدارەیەکی بنەبڕی گەندەڵی بکات و هەرێمەکە بۆ خەڵک و لە پێناو خەڵکدا بەرێوەببات و نمونەیەکی باشی سیاسی و ئیداری پیشکەش بکات و لەسەر ئاستی ناوخۆیی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهانیش سیاسەتێکی حەکیمانە پیادە بکات کە راگرتنی هێز و هاوسەنگی هێز و هاوکێشەکان لە هەر چوار لای خۆیەوە رابگرێ. رۆژئاڤا نمونەیەکی بەرچاو و حازر بەدەست و بندەستی لای خۆمانە گەر بمانەوێ سوودی لێ ببینین بەشێوەیەکی باشتریش.

دیارە خەڵکانێک هەن هیوایەک گرێ دەدەنەوە بەوەی گەر ئاڵوگۆڕێکی ناوچەیی رووبدات و ئەم دەسەڵات نەمێنێ و ئیتر بارودۆخی خەڵک و وڵات بەرەو باشی دەچێ، بەڵام ئەم دیدە نەک هەر دوورە لەهەر تێگەشتنێکی بابەتی و سیاسی، بەڵکو مەعقولیەتی زۆر کەمی تیدایە؛ چونکە، لەوێدا یەک شتی گرنگ لەبەرچاو ناگرێ. ئەویش ئەوەیە کە باز دەدات بەسەر رۆڵی رێکخراوی سیاسی لە رێبەری کردنی جەماوەر و پشت ئەستور بوون بە بزاوت و هزری پۆپۆلیستی کە چاوەڕێی دەرفەتەکان دەکات ئاڵوگۆڕێک دروست بکات نەک خۆی بەشێک بێت لەو ئاڵوگۆڕە.



**عامر سابیر : کوردستان لە 1991 ەوە و عێراق لە 2003 وە لە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵێك تاقمی مافیایی و تالانچیدایە، کە هیچ باکیان بە ژیانی خەڵك نییە و هیچ لێپرسراوێتییەکیان بەرانبەر بە ژیانی دانیشتوان لە ئەستۆ نەگرتووە و هەر تاقمەیان سەر بە یەکێك لە وڵاتانی ناوچەکەیە و نەخشەکانی ئەوان ئەبەنە پێشەوە ...**

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ عامر سابیر کادری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی....

**بۆپێشەوە: هاوکات لەگەڵ گوشارەکانی بەغدا بۆسەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، هێرشی سەربازی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێم زیاتری کردووە، هەروەها ئێران ناوە ناوە لەڕێگای موشەک هاویشتنەوە بۆ هەولێر و دەوروبەری گوشارەکانی زۆرتر بووە، هۆکاری زیادبوون و فراوانبوونی گوشارەکانی تورکیا و ئیران بۆسەر هەرێم چییە؟**

**عامر سابیر:** مەبەستی موشەک هاویشتنەکانی ئێران و درۆن ناردن و تۆپبارانکردنەکانی تورکیا بە بڕوای من دوومەبەستی سەرەکی لە پشتە. یەکەمیان بۆ وەڵامدانەوەیە بەو ئەزمە قوڵەی لەناوخۆدا هەیانە و ئەیانەوێ لە ڕێگەی ئەم هێرشانەوە خەڵکی وڵاتەکانیان مەشغوڵ بکەن و نارەزایەتی ناوخۆ خامۆش بکەن. وە دووەمیان بۆ سەپاندنی هەژمونی سیاسی خۆیان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و بۆ بردنەپێشەوەی کێشمەکێشەکانیانە لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکەدا.

کوردستان لە 1991 ەوە و عێراق لە 2003 وە لە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵێک تاقمی مافیایی و تالانچیدایە، کە هیچ باکیان بە ژیانی خەڵک نییە و هیچ لێپرسراوێتییەکیان بەرانبەر بە ژیانی دانیشتوان لە ئەستۆ نەگرتووە و هەر تاقمەیان سەر بە یەکێک لە وڵاتانی ناوچەکەیە و نەخشەکانی ئەوان ئەبەنە پێشەوە. ئەم هەلومەرجە زیاتر دەستی هەر یەک لە ڕژێمی فاشیست و نائینسانی توکیا و ئێرانی ئاواڵاکردوە تا بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر تەدەخول بکەن و نەخشەکانیان ببەنەپێشەوە و هەژموونی خۆیان بسەپێنن و نائارامی و کوشتارگا بۆ خەڵکی کوردستان دروستبکەن. ناسیۆنالیزمی کورد بۆ پاراستنی دەسەڵاتی بێزراو و بۆ درێژەدان بە تەمەنی دەسەڵاتە دکتاتۆری و سەپێندراوەکەیان، عەقدی 50 ساڵەیان لەگەڵ حکومەتی فاشیستی تورکیادا بەستووە، بە بیانووی ئابووری سەربەخۆوە، داهاتی ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگەیان هەرزانفرۆش کردووە، کە خۆیان و کۆمپانیاکانیان بەشی هەرەزۆری لێ هەڵئەلوشن.

لە دوای ڕیفراندۆمەکەی مەسعود بارزانی کە لە 25/9/2017 دا ئەنجامدرا، کە هەر خودی خۆی و حیزبەکەی ئەنجامەکەیان کردە ژێر پێوە و ڕایانگەیاند کە ڕیفراندۆم بۆ پرسی سەربەخۆیی نەبووە. وە بەدوای ڕوداوەکانی ئۆکتۆبەری 2017 و داگیرکردنەوەی کەرکوک و ناوچەکانی تر لە لایەن میلیشیاکانی سەر بە حکومەتی عێراقی. لەوکاتەوە هاوسەنگی هێز بە قازانجی تاقمە تائیفی و مەزهەبییە شیعی و سونییەکان شکاوەتەوە و دەسەڵاتدارانی تالانچی کوردایەتی و شەریکەکانیان لە مەوقعییەتێکی لاوازتردا جێگیر بوونە. لە ئێستادا ئەوانەی بەغدا ئەیانەوێ داخوازییەکانیان بسەپێنن و لەم نێوەشدا ئەوەی زیانی بەرئەکەوێ و مافخوراو ئەکرێ لە کێشمەکێشی بەینی ئەم جەردانەی هەولێر و بەغدادا کرێکاران و دانیشتوانی کوردستان و بەشەکانی تری عێراقە.

**مەبەستی بەرپرسە سیاسییەکانی بۆرژوازی کورد لە مەترسییەکانی سەرهەرێم، مەترسییە لە لەقبوون و نەمانی دەسەڵاتی تالانچیانەی خۆیان. نەمانی دەسەڵاتی ئەوانیش لە بەرژەوەندی چینی کرێکار و خەڵکی مەحروومی کوردستانە، چونکە لە ماوەی زیاتر لە 30 ساڵی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا خەڵکی کوردستان لە هەژاری و سەرکوت و هاڕینی ئیرادەی خەڵك زیاتر، شتیکی تری دەستنەکەوتووە لەم دەسەڵاتە. ...**

**بۆپێشەوە: هەلومەرجی سیاسی کوردستان تادێت بەرەو خراپی دەچێت، لە نوێنەری نەتەوە یەککگرتوەکانەوە تا دەگاتە بەرپرسە سیاسییەکانی بۆرژوازی کورد، ئاماژە بەزیادبوونی مەترسییەکانی سەر هەرێم دەکەن، ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی و تا چەندە مەترسی سیاسی لەسەر هەرێم هەیە؟**

**عامر سابیر:** لەم هەلومەرجە سیاسییە خراپەی کوردستان کە باسی ئەکەن، سەرمایەداران و دەسەڵاتەکەیان تا دێت کۆمەڵگە زیاتر ئەدۆشن و سەرمایەی زۆرتر کەڵەکە ئەکەن. وە بە پێچەوانەوە ژیانکردن بۆ کرێکاران و هەژارانی کۆمەڵگە، تا دێ دژوارتر و سەختتر بووە. مەبەستی بەرپرسە سیاسییەکانی بۆرژوازی کورد لە مەترسییەکانی سەرهەرێم، مەترسییە لە لەقبوون و نەمانی دەسەڵاتی تالانچیانەی خۆیان. نەمانی دەسەڵاتی ئەوانیش لە بەرژەوەندی چینی کرێکار و خەڵکی مەحروومی کوردستانە، چونکە لە ماوەی زیاتر لە 30 ساڵی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا خەڵکی کوردستان لە هەژاری و سەرکوت و هاڕینی ئیرادەی خەڵک زیاتر، شتیکی تری دەستنەکەوتووە لەم دەسەڵاتە.

**بۆپێشەوە: لە نوێنەری نەتەوە یەککگرتوەکانەوە تا دەگاتە لێدوانی بەرپرسانی هەرێم، هۆکاری هەڕەشەکان بۆ سەر هەرێم دەگێڕنەوە بۆ ناتەبایی نێوان پارتی و یەکیتی و حزبە کوردیەکان بەگشتی و دوو ئیدارەیی و دوو هێزی پێشمەرگە....تاد، لەم بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**عامر سابیر:** ئێمە کرێکارانی سۆشیالیست زۆردەمێکە وتوومانە کە ئەمانە کاتێک شەڕدەکەن، خوێنی ئێمە و هاوچینەکانمان ئەڕێژن، وە کاتێک کە تەبان و یەکئەگرن خوێنی ئێمە ئەمژن. ئەمانە نە یەککگرتنیان و نە ناکۆکییەکانیان، لەسەر باشترکردنی ژیانی ئێمە و پاراستنی مافەکانی ئێمە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیانە کە کامیان جەردەیی زیاتر بکات و سەرمایەی زۆرتر کەڵەکە بکات. بێگومان ناکۆکی باڵە جیاجیاکانی ناسیۆنالیزمی کورد، زیاتر فرسەتی دەستتێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە فەراهەم دەکات، بەڵام ئایا ئەمانە کەی دەسکەلای دەستی وڵاتانی ناوچەکە نەبوونە و کەی چاوساغیان بۆ ئەوان نەکردووە؟ ئەمانە کەی پرسیان بە خەڵکی کوردستان کردووە و کەی پشتیان پێ بەستووە؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەتاندا کە باسی هەڕەشە بۆسەر هەرێم دەکەن، بۆ من ئەوەی جێگەی بایەخە و پێویستە ببێتە مەشغەڵەمان لەم هەریمەدا، هەڕەشەیە بۆ سەر ژیانی ئێمە کرێکاران و هەوڵی لێکترازانی کۆمەڵگەیە لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا. هۆکاری سەرەکی ئەم

**هەوڵی سەرەکی هەموو ئەم تاقم و گرووپە میلیشیا ومافیاییانەی هەولێر و سلێمانی و بەسرە و بەغدا، بۆ کۆنترۆڵکردن و بەلارێدا بردنی تووڕەی خەڵکی مەحروم و هەژارانی کۆمەڵگەیە. ترسی هەمووشیان لە ڕاپەڕین و تەقینەوەی تووڕەیی خەڵکە لە ئەنجامی ئەو قڵشتە چینایەتییە گەورەیەی دروستیان کردووە.**

نەهامەتی و هەژاری و بێکاری و سەپاندنی چەندەها جۆر باجی جیا جیا و نەبوونی سادەترین خزمەتگوزاری و داڕوخانی پەروەدە و تەندروستی و هەڵتۆقینی کەرتی تایبەت و بنیاتنانی نەخۆشخانەی ئەهلی و زانکۆ و قوتابخانەی ئەهلی بۆ ڕووتانەوەی چینی کرێکار و هەژارکردنی زیاتری کۆمەڵگە، هۆکاری هەموو ئەمانە سیستەمی سەرمایەداری و نیولیبرالیزمەکەیەتی کە ناسیۆنالیزمی کورد وەک تاکە ڕێگەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە ئەیناسێنێ و هەموو سیاسەتە دژی ئینسانییەکانی بانقی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتیان جێبەجێکردوە بەسەر خەڵکی کوردستاندا و نەوەکانی داهاتووشیان کردۆتە ژێر قەرزی ئەم دەزگایانە و کۆمپانیا جیهانی و دەوڵەتانی ئیمپریالیستییەوە. لە کاتێکدا ئەگەر ئەمانە ئەو هەموو داهاتەی دزیویانە و ئەیدزن، بگێڕنەوە بۆ داهاتی گشتی و خەڵکی کوردستان، ئەوا ئەم کۆمەڵگەیە پێویستی بەقەرزی ملیارەها دۆلار نییە کە ئەمانە لەسەر حیسابی خەڵکی کوردستان و نەوەکانی داهاتوو کردویانە.

خانم (جینین هێنیس-پلاسخارت) کە پێشتر سەربازێکی هێزی دەریایی هۆڵەندا بووە، پاشان بووە بە ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا و ئەندامی پەرلەمان و وەزیری بەرگری لە هۆڵەندا لەسەر لیستی یەکێک لە حیزبە ڕاستە بۆرژوازییەکانی هۆڵەندا، لە ساڵی 2018 ەوە بۆتە نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان لە عێراق. ئەم خانمە لە وتارەکەی پارساڵی لە زانکۆی کوردستان کە لە 19/5/2021 دا ئەنجامدرا، وە لە وتارەکەی ئەمساڵیدا لە مەجلیسی ئەمندا کە لە 17/5/2022 دا پێشکەشی کرد، داوا لە دەسەڵاتدارانی هەرێم و بەغدا ئەکات کە واز لە گەندەڵی بهێنن و لەو کێشە و ناکۆکیانەی کە لە نێوانیاندایە گەورەتربن و سەقامگیری بەرقەراربکەن و حیساب بۆ دانیشتوان بکەن. خانم هێنیس-پلاسخارت ئامۆژگاریان ئەکات کە ئەم کارە بکەن، ئەگەر نا ئەوا ئەم وەزعەیان تا سەر بۆ نامێنێ. ئەم خانمە ئەم داوایە ئەکات بەڵام ئیشارە بە هیچ بەدیلێک ناکات. وەک ئەزانین ئەمریکا لە 30/8/2021 دا ئەفغانستانی تەسلیمی تاڵیبان کردەوە و لە عێراق و ناوچەکەشدا پاشەکشەی کردووە و سیاسەتەکانی بە بنبەست گەیشتووە. وە بۆ وەڵامدانەوە بەو قەیرانە قوڵەی تووشی بووە، تەرکیزی کردۆتە سەر بیانووگرتن بە چین و دژایەتیکردنی.

هەڕەشە شاراوەکەی خانم هێنیس-پلاسخارت، ئەتواندرێ دوو ئەنجامی لێ هەڵهێنجرێ، یەکەمیان ڕەنگە ئەوەبێت کە ئەوان پشتیوانی دکتاتۆرێک ئەکەن کە عێراق بکاتەوە بە ماستی مەیوو، یان مەبەستی ئەوەیە کە بڵێ خەڵکی کوردستان و عێراق هێندە تووڕەیە لێتان کە ڕائەپەڕن و تەخت و تاراجتان تێک ئەدەن. بەبڕوای من ئەمەی دووەمیان ئیحتیمالی زۆرترە و زەمینەی لەبارترە.

**بۆپێشەوە: زۆر بوونی مەترسیەکان بۆسەر هەرێم، ڕووی لە دەسەڵاتی حزبە**

**بۆرژوازیەکانی کوردە، یان ڕووی لە خەڵکی کوردستانە؟**

**عامر سابیر:** هەر وەک لەوەڵامی پرسیاری پێشودا باسمان کرد، مەبەستی بۆرژوازی کورد و حیزبە تاڵانچییەکانی لە مەترسی بۆ سەر هەرێم، مەترسییە لە نەمانی دەسەڵاتی گەندەڵ و پڕ تاوانیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا. بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانیش لە نەمانی ئەواندایە.

بەڵام گومانی تێدا نییە کە قوربانی هەر تۆپباران و مووشەک هاویشتن و هێرشێکی سەربازی، خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان ئەبێت. وە تورکیا و ئێران لە پارتی و یەکێتی دڵسۆزتریان دەستناکەوی لەم هەرێمەدا، بۆیە ئەگەر پێویستی کرد پشتیوانی جیدیان ئەکەن و دەست بە باڵایانەوە ئەگرن.

**بۆپێشەوە: ململانێی نێو "ماڵی شیعی" چ کاریگەرییەکی لەسەر ئایندەی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

**عامر سابیر:** هەروەک چۆن سەرکەوتن و سەپاندنی داخوازییەکانی خۆپیشاندەرانی ناڕازی لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق، سودمەندە بۆ خەڵکی ناڕازی کوردستان. وە بە پێچەوانەشەوە سەرکەوتنی ناڕەزایەتیەکان لە کوردستان و سەپاندنی داخوازییەکان، سودمەند دەبێ بۆ ناڕازیان و خۆپیشاندەرانی بەغدا و بەسرە. ئەم مەسەلەیە بۆ چینی بۆرژوازیش هەر ئاوایە.

هەوڵی سەرەکی هەموو ئەم تاقم و گرووپە میلیشیا ومافیاییانەی هەولێر و سلێمانی و بەسرە و بەغدا، بۆ کۆنترۆڵکردن و بەلاڕێدا بردنی تووڕەی خەڵکی مەحروم و هەژارانی کۆمەڵگەیە. ترسی هەمووشیان لە ڕاپەڕین و تەقینەوەی تووڕەیی خەڵکە لە ئەنجامی ئەو قڵشتە چینایەتییە گەورەیەی دروستیان کردووە.

بکەن و ژیانی خەڵک باش بکەن؟ خەڵکی کوردستان تەجرەبەیەکی زیندووی لەبەردەستدایە و باجێکی گەورەیدا بەوەی کە خۆشخەیاڵبوو بە نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەکەی.

لە بەناوهەڵبژاردنی ڕابردوودا کە بۆ پەرلەمانی عێراق لە 1/10/2021 دا کرا، هەموو حیزبە بورژوازییەکان، بە دز و شەریکە دزەکانەوە لەنێویاندا نەوەی نوێش، کەمتر لە 20٪ی خەڵک بەشداری ئەو گاڵتەجاڕییەی کرد. کە ئەمە بۆ سەرتاسەری عێراقیش هەر بەو جۆرە بوو. بۆیە لە ئێستادا کرێکاران و خەڵکی کوردستان تا ڕادەیەکی باش لە خۆشخەیاڵی بە کوردایەتی هاتۆتەدەرەوە، بەڵام بەدەست نارێکخراوی و بێ ئیرادەیی و بێ هیوایی ئەناڵێنین.

**بۆپێشەوە: لە ڕوانگەی ئێوەوە زامنی ئایندەیەکی باش بۆ خەڵکی کوردستان چییە و چۆن بەدی دێت؟**

**عامر سابیر:** بە کورتی ئایندەیەکی باش بە وەلانانی سیستەمی سەرمایەداری ئێستا و بنیاتنانی سۆشیالیزم بەدی دێ. لەم ڕاستایەدا و بۆ ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەکی ئیجابی، باوەڕبوون بە ئیرادەی خۆ، خۆ ڕێکخستن و هاوئاهەنگی ناڕەزایەتییەکان، بەرچاوڕۆشنی و زانینی چی ویستن، زامنی سەرکەوتن و ئایندەیەکی گەشە بۆ کرێکاران و خەڵکی هەژارکراوی کوردستان. وەلانانی تەواوەتی ئەم دەسەڵاتە و دامەزراندنی دەسەڵاتی شوراکان لە شوێنی کار و لە شوێنی ژیاندا، زامنی ئایندەیەکی گەشە بۆ کۆمەڵگە. دەسەڵاتدارانی ئێستا لەسەر بورکانی تووڕەیی خەڵک وەستاون. هیچ کات هێندەی ئێستا خەڵک و دەسەڵات لێک دوور نەبوونە. گەڕانەوەی باوەڕ بە تواناییەکانی خۆمان، باوەڕ بەوەی کە تەنها خۆمان ئەتوانین ژیانی خۆمان بگۆڕین، مەرجێکی سەرەکی سەرکەوتنمانە.

ئەوە زیاتر لە سی ساڵە کاری سەرەکی ناسیۆنالیزمی کورد و حیزبە شەریکەکانیان، نەهێشتن و لاوازکردنی باوەڕی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانە بە باوەڕبوون بە توانایی و ئیرادەی خۆی. ئێمە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان ئەبێت لەوەهمی چاوەڕوانی ئەوەی کە فریادڕەسێک دێ و ڕزگارمان ئەکات، ڕزگارمان ببێت. کە باوەڕبوونمان بە ئیرادەی خۆمان چووە ئاستێکی بەرز، ئیتر خۆشخەیاڵی بە ئەمریکا، یان کەسانی وەک نەوشیروان و شاسوار، نامێنێت و باشتر ئەزانین چیمان ئەوێت و چارەنووسی خۆمان، خۆمان لەدەستی ئەگرین.

> **ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی دیوی دووەمی ئەم دەسەڵاتەیە و چاوەڕوانی هیچ گۆڕانکارییەکی باشی لەبەرژەوەندی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستاندا لێ ناکرێ. نەوەی نوێ و بەرپرسەکەی خۆیان بەرهەمی ئەم گەندەڵی و تاڵانچێتییەن کە لە کوردستاندا ئەگوزەرێ، ئیتر چۆن ئەتوانن چاکسازی بکەن و ژیانی خەڵك باش بکەن؟**

> **ئایندەیەکی باش بە وەلانانی سیستەمی سەرمایەداری ئێستا و بنیاتنانی سۆشیالیزم بەدی دێ. لەم ڕاستایەدا و بۆ ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەکی ئیجابی، باوەڕبوون بە ئیرادەی خۆ، خۆ ڕێکخستن و هاوئاهەنگی ناڕەزایەتییەکان، بەرچاوڕۆشنی و زانینی چی ویستن، زامنی سەرکەوتن و ئایندەیەکی گەشە بۆ کرێکاران و خەڵکی هەژارکراوی کوردستان ..**

**بۆپێشەوە: لەهەلومەرجی سیاسی کوردستاندا، چۆن دەروانە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بەتایبەت نەوەی نوێ؟**

**عامر سابیر:** ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی دیوی دووەمی ئەم دەسەڵاتەیە و چاوەڕوانی هیچ گۆڕانکارییەکی باشی لەبەرژەوەندی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستاندا لێ ناکرێ. نەوەی نوێ و بەرپرسەکەی خۆیان بەرهەمی ئەم گەندەڵی و تاڵانچێتییەن کە لە کوردستاندا ئەگوزەرێ، ئیتر چۆن ئەتوانن چاکسازی

> **بناغەی سۆشیالیزم ئینسانە، سۆشیالیزم بزووتنەوەی گەڕاندنەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسان...**

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبڕاوە بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی ناڕەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

## درێژەی....کە تۆ بڕیاری کۆیلەبوونت دابێت، ئیدی من شەڕی کام ئازادیت بۆ بکەم؟

دەبن و لە سۆشیاڵ میدیا و لە ڕاگەیاندنەکانتاندا قیامەت بەرپادەکەن و هەزار و یەک جوێن دەدەن و سوکایەتی و بێ ڕێزی بە ئازادی و هەڵبژاردن و خواستی ئازادیخوازان و ژیانی تایبەتی مرۆڤەکان و هەموو ئەوانە دەکەن کە لە ئێوە ناچن و جیاوازن و وەکو ئێوە بیرناکەنەوەو ژیان ناکەن.

هەڵبەت ئەوە لە کاتی بێ دەسەڵاتیتاندا و هێشتا گەرەکێتان بە دەستەوە نییە، دەتانەوێ تۆتالیتارانە و پۆپۆلیستانە حیساب بۆ جیاوازیەکان و فرەیی نەکەن و تاک ڕەهەندانە، ئەجێندا و فکر و بەرنامەی داعشیانەی خۆتان بەسەرهەمواندا بسەپێنن. بە دڵنیاییەوە دەسەڵاتتان هەبێت، سەری ئازادیەکەی ئێمە دەبڕن و بە زۆر و بەعەنتەری ئایدیۆلۆژیا و مەزهەب و لەچک و لیباس و مۆدیل و هەموو شتێکی خۆتان بەسەر تەواوی کۆمەڵ و جومگەکانی ژیان و هەموو ئازادیخوازان و جودا بیراندا دەسەپێنن و چوون بەرخێکی قوربانی، ملی چەمکی ئازادی دەبڕنەوە و پلۆرالیەت و ئاشتی کۆمەڵایەتی گڕ تێبەردەدەن و هەرچی پێکەوە ژیان و یەکتری قبوڵکردنیشە، دەسڕنەوە ...

## درێژەی....لەڕێگای ڕوخساری وشەوە لەدەرگای سیمای زمان دەدات !

دەیەوێ بەزمانی شیعر وەها کار لەخەیاڵی ئەو بکات وێنایەکی تر تابلۆیەکی تر بەرجەستە بکات بەڕاستی "سیوەیلی " جوان ئەم تەمتومانی زمان و وشەیە دەبات بەڕێوە، هەڵبەتە "شیعر یاریەکی ئازادی زمانە بۆ شاعیر..هەروەک لێرەدا سیوەیلی دەیەوێ لەڕێگای سیمای مەئشوقەی کە لای خۆی وێنای کردوە پێی بگات.

تاڵێ لە
زولفت و چەن لە برژانگ و برۆت
دەناسمەوە،
هەموو ڕۆژێ
بە تۆقەنەیەک لە کوڵم و
هەڵتۆقیویی سینەت و
هەڵاوسان و سووری لێوت
ئاشنا دەبم،
هەموو ڕۆژێ
لەسەر ڕیتمێ بە مەیلی دڵ
سەما لەگەڵ باڵات دەکەم

بڕوای وایە لەڕێگای ڕوخسارەوە لەوە تێگەیشتوە وەک خۆی ناتوانێ ئەو ئەشقە دیاری بکات، چون دەزانێ لەخشتەی دەبات، ئەو لەمێژە لەڕێگای کوڵم و سینەو هەڵاوسان و سووری لێوی ئاشنایی بووە و ئەمەش بەڕوونی لە ڕووخساری دەقەکەیدا بەجوانی دەبینێرێ، واتە لەڕووخساریاندا هەست بەبوونی ئەو دەکرێ، کە لەڕێگای سیمایانەوە بەپەنهانی هێڵراوەتەوە تاوەکو بەسانایی هەستی پێ نەکرێ ئەو هانا دەباتە بەر سیما، بۆ تەوزیفکردنی وێنەی ئەو بەواتایەکی تر شاعیر کاتێک هانا بۆ سیما دەبات دەزانێ لەماناو دەلالەتی واتادا " سیما "خۆی: دانەپۆشراویی و ئاشکرایی ڕوخسارە بە تەواوی ڕووتییەکەیەوە کە دەتوانم بڵێم ڕۆڵی وتە دەبینێ بۆ نوسەر، بۆشاعیریش ڕۆڵی وشەو هێڵکاری لەزمان و خەیاڵدا.
سیما کردەیەکی پەتییە ڕێگە نادات هەم شوناسی بەسەردا بسەپێنرێت . سیما بەرەنگارییە لە بەرامبەر سیستەمی ڕەمزییدا. دەرکەوتنی سیما، بە تەواوەتی دەرکەوتنی زمانە. سیما شتێکە ناتوانرێت لە چێوەی تێگەیەکدا جێ بکرێتەوە، بە کورتی، لەو شوێنەدا کە سیما هەیە، هەقیقەت، مانا، ئەزموون ڕوو دەدات و،
لەو شوێنەشدا کە ڕوخسار هەیە، ڕواڵەت، نمایش و بەرکەوتنی ڕووکەش.دەبینێرێ.
سیوەێلی لەڕێگای وێناندنی دەقی شیعرێکەیەوە ئاماژە بە دۆخە دەروونیە شێواوەکەی ناخی دەکات کە هەمیشە .
"سیما، "بە پێچەوانەی ڕوخسارەوە، نابینرێت، بەڵکە لە توخمی دەرکەوتن و دۆزینەوەیە؛ سەر بە جیهانی هەستەکی نییە، و ئاماژەیە بە ڕووداوێک کە لە »ئەویتر«ەوە دێت. سیما، دەربڕینە؛ سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەی ماناکان سیما هەقیقەت ئاشکرا دەکات، درووست بە پێچەوانەی ڕوخسارەوە کە دەیشارێتەوە.وەک لێرەدا لەکۆتایی دەقەکەیدا دەڵێ:

هەموو ڕۆژێ
لەسەر ڕیتمێ بە مەیلی دڵ
سەما لەگەڵ باڵات دەکەم

## درێژەی دوا وتە

بەدەستەوەگرتنی رابردووە ئامبازی داهاتوو بێت. گرتنەبەری ئەم هێڵەش بۆ ئاییندەی یەکێتی، نەک یەکێتی بەجێگایەک نەگەیاند و نەیتوانی کۆنگرەیەکی ئاسایی بگرێت، بەڵکو خودی کۆنگرەی کردە نمایشێکی بێتام و بێ ناوەڕۆک و شکست خواردوو، کە بانگەشەکانی نەیتوانی خۆراکی چەند مانگێکی یەکێتی زامن بکات، کە بەدارمانی شیرازەی خێزانی رابەری "ئامۆزاکان" بەر لەهەموو شت سیستەمی هاوسەرۆکی، کە لە بنەرەتدا دابەشکردنی رۆڵ بوو، لە نەبوونی رابەردا، بەسەریەکدا ڕماند و هاوسەرۆکی یەکەمی یەکێتی لە بازنەی رۆڵ گێران، دورخرایەوە و میراتی تاڵەبانی، بۆ ماڵە باوان گوێزرایەوە.

بەدوای ئەم رووداوانەی ناوخۆی یەکێتیدا، دیسان سەرکردایەتی و دەستڕۆشتوانی یەکێتی رایانگەیاند کە یەکێتیان لە پێشوتر بەهێز کردووە سەردەمی زێرینی یەکێتی دەستی پێکردۆتەوە، دوبارە بە فۆکردنە خۆ، ئەو عادەت و خووە نمایشەیی پێشوویان لە بەرگێکی تردا خستەوە ڕوو.

ئەم جارەش و دوای کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی جارێکی تر لە راگەیەنراوی کۆتایی کۆبونەوەکەیاندا دەڵێن:

" ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە گفتوگۆکانیاندا دەست خۆشیان لە سەرۆک بافڵ و تیمی یاوەریکرد لە بەغدا کە سیاسەتەکانی ماوەی رابردوو پێگەی یەکێتی وەک زەمانی سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆک مام جەلال بوژاندۆتەوەو سەنگی سیاسەتی کوردستانی لە عێراق و ناوچەکە بەرزکردۆتەوە "

گومان لەوەدا نییە، نەک ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی تەنانەت نووسەری ئەم راگەیاندنەش دەزانێت هیچ راستیەک لەو بانگەشەیەدا نییە. سیاسەتەکانی یەکێتی لە ماوەی رابردوودا، جگە لە بێ سیاسەتی و دروشمی ئاگراوی چیتر نەبووە. یەکێتی لەهیچ ئاستێکدا خاوەنی هیچ سیاسەتێکی دیاریکرا و رۆشن و هیچ پرۆژەیەکی سیاسی نەبووە، و سەنگی یەکێتیش نەک هەر لەئاستی کوردستان رووی لە پاشەکشە بووە و کەس حەسودی بە پێگەکەی نابات، بەڵکو لەو زۆنەش کە یەکێتی دەسەڵاتی بەدەستە، پاشەکشەی کردووە و کارنامەکەی هێندە قیزەونە، بۆتە نوکەی وێردی زمانی هەمووان لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا... لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەم زۆنەدا خەڵک لەسەرەی موچە گیان دەبەخشن، بانقەکان خاڵی دەکرێنەوە لە پارەو موچە نییە، گروپە مافیاکانیان هەر رۆژەو هەر سەعاتە هەڵدەکوتنە سەر جێگایەک، لە ململانێی سەرانیاندا شار چەندین جار نائارام کراوە، خەڵک لە دڵەڕاوکێدان، بازار و کار و کەسابەتی خەڵک سست و پڕ کێشەیە، باسی دەستبەسەراگرتنی مولک وماڵی هاوڵاتیان و زەوی و زاری گشتی، سپی کردنەوەی پارە، دزی خاڵە سنورییەکان و باج و سەرانە سەندن لە زمانی خودی دزەکانەوە بڵاودەکرێتەوە، موچەی کرێکارانی ژینگە پارێز نادەن و بەهۆی مانگرتنی رەوای ئەوانەوە بۆ موچەکانیان، بەشیکی زۆری شارو شارۆچکەکان خەریکە بۆگەن دایان دەپۆشێت. لە ئاستی سیاسیدا رکەبەرەکانی یەکێتی بە ئاسانی گرفت بۆ یەکێتی ساز دەکەن و لە هێزی یەکێتی بۆخۆیان کیش دەکەن، جەماوەر بەگشتی و جەماوەی یەکێتی بە تایبەتی روو لەکەم بوونەوەیە. لە ئاستی کوردستانیش سەنگی یەکێتی چ لەبەرامبەر بە پارتی وەکو دەسەڵاتی زۆنێکی تر، لاوازتر بووە و پیگە سیاسی و جەماوەییەکەی لە زۆنی زەددا، بەرەو پوکانەوەی خێرا دەچێت. لە ئاستی عێراقدا لەگەڵ ئەوەدا یەکێتی دەسەڵاتی زۆنێکی بەدەستە، بەڵام هیچ سەنگێکی قورس و خاوەن بریاری لە بەغدا نییە و هیچ پرسێکی سیاسی و چارەنووسازی نیوان بەغدا و هەرێم بەدەستی یەکێتی نییە و ئەو ناتوانێت هاوسەنگی هیز و باڵانس بگۆرێت. لە ئاستی ناوچەکەش بەهەمان شێوە، یەکێتی لەگەڵ ئەوەدا گوێ لەمستی بلۆکیکی ناوچەییە، بەڵام توانایی و رۆڵی لاواز و بی کاریگەر تر لە هەموو کاتێکە. سیاسەتی حەکیمانەی مام!! کە گوایە زیندوو کراوەتەوە، جێگای پێکەنینە... نەک رۆڵی مام جەلال و حیکمەتەکانی!!، بەڵکو رۆڵی هەموو خانەوادەی بۆرژوازی کورد و سەرانیان لە بەغدا، جگە لە پاڕانەوە و لاڵانەوە بۆ هاوبەشی پێکردنیان لە دەسەڵات و وەرگرتنی ئیمتیازات و بودجە و دەستکەوت بۆ حزبەکانیان شتێکی تر نییەو بە رۆژی روناک دیارە رۆژ بەرۆژ رۆڵ و دەسەڵاتی بۆژوازی کورد و حزبەکانی سنوردارتر دەکرێتەوە ئەوە نەک تەنها لەئاستی عێراقدا بەڵکو لە هەرێمی کوردستانیشدا... دەرهێنانی دۆسیەی نەوت و غاز لەدەستی دەسەڵاتی هەرێم، پرسی سنورەکان و خاڵە گومرگیەکان، پرسی ئەمنی... هەموویان گەواهی دەری پاشەکشەی رۆڵ و دەسەڵاتی بۆرژازی کوردن لە ئاستی عێراقدا.. ئەگەر ئەوە سیاسەتی حەکیمانە بێت... ئینسان نازانێت لەکوێ سیاسەتێکی ناحەکیم بناسێت؟!!

لە کۆتاییدا ماوە بوترێت... کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بەپێی ئەو راگەیەنراوەی بڵاویان کردۆتەوە، لە درێژەی هەمان رەوەندی پاشەکشەی یەکێتیدا دەچێتە پێشەوە و هەڵگری دەرمان بۆ هیچ کام لەو هەموو دەردە سەختانەی یەکێتی نییە. هاوکات ناوەرۆکی راگەیاندنەکەی یەکێتی ئەو راستیەش دەخاتە ڕوو کە ئامانجی ئەو کۆبونەوەیە لە بنەرەتدا بۆکۆتاییهێنان بە سیستەمی هاوسەرۆکی و بە فەرمی دوورخستنەوەی لاهور شێخ جەنگ و داخستنی هەموو دەرگاکانی ئومێد بوو بەروویدا. لەگەڵ کردنی بافڵ تاڵەبانی بە سەرۆکی یەکێتی و کپکردنی هەر دەنگێکی نارەزایەتی لەناو خۆی یەکێتی و ژێر پێخستنی بەرنامە و پەیرەوی ناوخۆ لەرێگای زۆری پۆستاڵی سەرۆکەوە.

**کۆتایی ئابی ٢٠٢٢**

بۆپێشەوە

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە FORWARD

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net


نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

سەردار عەبدوڵا، ئارام حەسەن، توانا حەمە نوری، شەمال بارەوانی،فەزیلە شۆرش، ئارام حەمە ساڵح، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، حەکیم میرزا، هیوا ساڵح، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، عبدالرحمن رسول، حەکیم میرزا،جەمال نوری،...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی"...

# لەیادی هاوڕێ "بەکر عەلی" تێکۆشەرو شاعیری بێبەشاندا

هاوڕێ بەکر عەلی شاعیر و رابەری ئاوارەو بێ خانەولانەکان... لە ساڵی ١٩٦٨ لە شاری سلێمانیدا چاو بە دنیای زوڵم نابەرابەری هەڵهێناوە. بەکر عەلی زۆر زوو زوڵمی چینایەتی ناچاری خەبات و وەستانەوەی دەکات، زۆر زوو لەبەرەی خەڵکی هەژارو نەداردا دەوەستێت و دەبێتە هەڵسوڕاوێکی چالاک و تیکۆشەری نا وتن بە دنیای سەرەوخواری پر ستەم و نابەرابەری سەرمایەداری. لەساڵی ١٩٩٣ و لەگەڵ هاتنە ئارای مەسەلەی ڕوخاندنی خانوە بێ تاپۆکانی شاری سلێمانی هاوڕێ بەکر وەکو رابەرێکی ماندونەناسی بەرگری لە هاولاتیانی ئاوارەو بێ خانەو لانە، دەردەکەویت و دەبێتە سیمایەکی خۆشەویست و ناسراوی ناو ئاوارەکان و خەڵکی بێ خانەو لانە. دوای پشتیوانی لیبراوانەی یەکێتی بێکارانی ئەو کاتە لە خەڵکی بێخانەو لانە، هاوڕێ بەکر و ژمارەیەکی بەرچاو لەخەڵکی ئاوارەو بی خانەو لانە روو لە یەکێتی بێکاران دەکەن و بەکر عەلی ش دەبێتە یەکێک لە ئەندام و رابەرانی یەکێتی بێکاران. پاشان بەکر عەلی دەبێتە روخسارێکی ناسراو و خۆشەویستی بێبەشانی هەر جێگایەک کە ئەو هەڵسورانی تیادا دەکات... هەر بەوهۆیەوە بەکر عەلی دەبیتە یەکێک لە هەڵسوراوی یاد و بۆنە کرێکاریی و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان و یەکێک دەبێت لە وتار بێژانی ئاکسیۆنی شکۆداری یەکی ئایاری ساڵی ١٩٩٤ ی مەلعەبەکەی شاری سلێمانی،... لەو وتارەدا پەردە لەسەر زوڵم و ستەم و ژیانی ئاوارەیی هەڵدەماڵێت و رووەدەکاتە بەرپرسان کەهەموو جێگایەکی شاریان بەشێوەی نایاسایی پاوان و دەست بەسەردا گرتووەوە، کەچی گوشار دەهێنن بۆسەر خیزانە ئاوارەکان کە لەناچاری و بەهۆی نەبوونیەوە خانوی لە گڵ و لە لەوح دروستکراویان کردۆتە شوێنی نیشتەجێ بوونیان. لێبراوی و تیکۆشانی بەکر عەلی بۆ وەستانەوە بەرووی روخاندنی خانوە بیتاپۆکانی شارو حامیەی سلیمانی، رۆڵی رابەری و پێشرەوی ئەو بەکر عەلی دەکاتە خۆشەویست و جێگا متمانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و نەداران و خەڵکی بێخانەو لانەو ئاوارە، هاوکاتیش دەبێتە چقڵی چاوی ستەمکاران و تالانچیانی کوردایەتی. بۆیە جگە لە هەرەشەو چاوسورکردنەوەی دەسەلاتدارانی سلێمانی، چەندین جار دەستگیری دەکەن و هەرەشەی کوشتنی لیدەکەن بۆ وازهێنان لەپشتیوانی و



تیکۆشانی لە خەڵکی ئاوارەو بیخانەو لانە، بەڵام باوەری بەکر عەلی بۆ ئاڵوگۆر و باشترکردنی ژیانی هەژاران و نەدارانی کۆمەڵگە، ئەو سورتر دەکات لە خەبات و تێکۆشان و گرتنەبەری رێگای ریکخستنی نارەزایەتی جەماوەری و رابەری کردنیان... تا لە رۆژی ١/١٩٩٤/٩دا، لەکاتی رابەریکردنی خۆپیشاندان و ریپێوانی ئاوارەو بێ خانەو لانەکانی حامیەدا، دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللەو دوای ئەوەی بریندار دەکرێت، بەدەستی قارەمانەکانی کوردایەتی و پارێزگارەکانی پاریزگای سلێمانی ئەو کاتە، دەکوژرێت و دڵە پڕ هیواو ئومێدەکەی لە جوڵە دەخەن. شایانی باسە بەکر عەلی تەنها رابەرو هەڵسوراوێکی خەڵکی کرێکارو هەژارو نارازی نەبوو، بەڵکە ئەو شاعیرێکی هەست ناسک و یاخی و خۆشەویستی بوو. خاوەنی چەندین هۆنراوەی ناوازەو جوانە و هۆنراوەکانیشی پڕن لە نیشاندانی نابەرابەری چینایەتی و رەخنە لە چینە داراکانی کۆمەڵگە.

یادو بیرەوەری خەباتکارانەی بەکر عەلی، نەک هەر لەبیرناچێتەوە، بەلکو تا ستەم نابەرابەری هەبێت، تا بێکاری و گرانی و بێخانەو لانەیی بمێنێ... بەکر عەلی رەمزی تێکۆشانی ئەوانە و بیروەرییە خەباتکارانەکانی سەرمایەکی پر بەهایە بۆ تێکۆشەران و رابەرانی بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری و داینەمۆی وزە بەخشە بۆ ئاوارەکان و خەڵکی بێخانەو لانە. وە هۆنراوە ناسکەکانی، کە لێوان لێون لە راستگۆیی و خۆشەویستی، وەکو وێردی سەر زمانی عاشقان و خۆشەویست دۆستان بەزیندووی دەمێنێتەوە...

**بەرزو بەرێز بێت یادی هاوڕێی گیان بەختکردوو بەکر عەلی...**


**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە**

## دوا وتە

# کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی لە ڕەوتێکی ڕوو لە داکشاندا...

### عەبدوڵا مەحمود

٢٨ ی ئەم مانگە ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کۆبوەوە. بەپێ ڕاگەیەنراوی کوبۆنەوەکە خۆری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان روو لە درەوشانەوەیە و ئایندەی یەکێتی چ لە ئاستی هەرێم و عێراق و ناوچەکە، ڕوو لە پێشرەویەکی کەم وێنەیە و سەنگی یەکێتی روو لە هەڵکشانە. هەر کەسێکی واقع بین لەناو خودی سەرکردایەتی یەکێتی و تا دەگاتە هەر کادر و ئەندام و لایەنگرێکی یەکێتی نیشتیمانی، ئەگەر ویژدانی به بەرژەوەندیەکی تایبەتی نەفرۆشتبێ، وە پەردەیەکی تاریک و قەترانی نەدرابێت بەسەر بینین و روانینیدا و مێشکی لە بۆتەی دروشمی حزبی قائیدا، قاڵبەندی نەکرابێت، دەزانێت، کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لە خراپترین سەردەمی سیاسی و رێکخراوەیی و جەماوەیی و دیبلۆماسی، خۆیدایە.



یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە پێش کونگرەی چوارەوە شەپیپوری نوێبونەوەی یەکێتی و ڕوحی تازە بە بەریەکێتی کردندای، بەدەستەوە گرت، هەر ئەوکاتە، بڕیاری بێ گەڕانەوەی بۆ گرتنەبەری رەوتێکی روولەخوار نمایش کرد.

یەکێتی لە جیاتی ئەوەی بە چاوێکی واقعیانە، دۆخی نەخوازراوی خۆی بخاتە ڕوو، وە بە راشکاوی رای بگەینێت، کە پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیەکی بناغەیی هەیە، دەرگیری دەیان کێشەی سەرەکییە، لەوانە کێشەی ڕابەری و پڕکردنەوەی جێگای تاڵەبانی، کێشەی ناوخۆیی و باڵەکانی ناوی، کێشەی دوورکەوتنەوەی جەماوەرەکەی و سەنگەر گوستنەوەیان، کێشەی ڕیکخراوەیی و دارمانی هەموو بنەما رێکخراوەیەکانی، کێشەی چەق بەستن و لاواز بوونی رۆڵی لە ئاستی هەرێم و عێراق و ناوچەکە، تا دەگات بە پاشەکشەی سەرەکی لە بنەما راگەیەنراوەکانی و وەرچەرخانی بەرووی بڕیاری تاک ڕەوانە، خۆ رادەستکردنی بە سیستەمی بنەماڵەیی نوزەبڕین لەهەر بانگەشەیەک کە بەرووی نەیارەکانیدا بەرزی دەکردەوە و روو بەکۆمەڵگە فریوکاری پیۆەدەکرد، کەوتە پیا هەڵدان بەخۆی و هەموو هەوڵی ئەوەبوو لە ڕیگا

بۆ لاپەڕە 14




بەرهەمی نوێی هونەرمەند سەردار عەبدوڵا